
# سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەنقەرە لەبەر رۆشنایی هەندێ پێشهاتی تردا!



ئاسۆ کەریم

* بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەگوێرەی مەرسوومی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێ، دەبێ کۆبوونەوەی یەکەمی خولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان لە کاتژمێر ١٠ی رۆژی ٦ی ئەم مانگەدا بەڕێوە بچێ. دیارە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پارلەمان، بەتەمەنترین کاندیدی هەڵبژێردراو سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکە دەکا. لەو رێوڕەسمەدا وەکو تا ئێستا باو بووە میوانی ناوخۆ و عێراقی و بیانی لە کردنەوەی خولی تازەدا بانگ دەکرێن. لە سۆنگەی ئەمەوە رەنگە دیسان کۆبوونەوەکە لەناو تەلاری پارلەماندا نەکرێ و لە جێگەیەکی دیکەی لەبار، بۆ نموونە رەنگە لە «هۆڵی شەهید مامۆستا سەعد»دا ئەنجام بدرێ. هەڵبەت بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پارلەمان، یەکەمین خاڵی کۆبوونەوەکە، سوێندخواردنی کاندیدەکانە لەبەردەم سەرۆکی کاتیی پارلەماندا کە دیارە دەبێ خۆی بەر لە هەمووان سوێندی یاسایی بخوات. خاڵی دووەمی کۆبوونەوەکە ئەوەیە کە سەرۆکی کاتیی پارلەمان، دەرگای پاڵاوتن بۆ هەر سێ پۆستی دەستەی سەرۆکایەتیی «سەرۆك، جێگر و سکرتێر» بکاتەوە. هەر یەك لەو پۆستانە بە زۆرینەی ئامادەبووان «نەك زۆرینەی رەهای ئەندامانی پارلەمان» هەڵدەبژێردرێن.. بەگوێرەی زانیاریی من، هێشتا لەنێوان فراکسیۆنە براوەکاندا، رێککەوتن لەسەر ئەو پۆستانە نەکراوە، چونکە هیچ لیستێك بە تەنیا لە کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراودا ئەو پۆستانەی پێ ساغ ناکرێتەوە. داخوا، پرسی یەکلاکردنەوەی ئەو پۆستانە بۆ ناو کۆبوونەوەکە و «دەنگدانی نهێنی» ئەندامان جێ دەهێڵدرێ یان تەنیا خاڵی یەکەمی کۆبوونەوەکە، واتە سوێندخواردن، جێبەجێ دەکرێ و کۆبوونەوەکە بە کراوەیی دەهێڵدرێتەوە تا ئەو دەمەی رێککەوتن دەکرێ! دیارە وەك لە زۆر وڵاتدا باوە، سەرۆکی دەوڵەت بە وتارێك کۆبوونەوەی یەکەمی پارلەمان دەکاتەوە. ئایا هەق نییە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دەسپێکدا بە وتارێك لەم قۆناخە ناسکەدا کۆبوونەوەکە بکاتەوە و روانگەکان روون بکاتەوە! بۆ بیرهێنانەوە، گریمان لە ٦ی ئەم مانگەدا کەمتر لە نیوەی ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکەو سوێندخواردنەکە بوون، ئەوا چارەنووسی ئەو کۆبوونەوەیە چ دەبێ، ئایا رێوڕەسمەکە بەڕێوەدەچێ یان نا؟

رێککەوتن لەسەر پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پارلەمان پێوەندیی بە رێککەوتن و سازان لەسەر کابینەی هەشتەمی حکوومەتیشەوە هەیە. لە هەندێ

وڵاتـــدا کامە لیســـت براوەی یەکەم بێ، ســـەرۆکی پارلەمـــان لەو حزبـــە دەبێ، بە داخـــەوە لە پەیڕەوی ناوخۆدا بەمشێوەیە چارەســـەر نەکراوەو بۆ هەڵبژاردن جێ هێڵـــدراوە. هەقە ئەمـــە لە پێـــڕەوی ناوخۆی داهاتوودا چارەســـەرێکی ماقوولی بـــۆ بدۆزرێتەوە. دیسان پێموایە شـــتێکی جددی لە دانوستاندنی نێوان لایەنەکاندا نەکـــراوە. وەك دەبینـــدرێ، پارتی «٣٨ کورســـی» لەلای خۆیەوە جەخت دەکاتەوە کە هێڵی ســـووری بەرانبەر هیچ لایەنێکی براوەی هەڵبژاردن نییە و لەگەڵ حکوومەتی بنکە فراوان دایە. یەکێتی «١٨ کورســـی» لە رووی پرەنســـیپەوە خۆی ســـاغ کردۆتەوەو بڕیاری داوە بەشـــداریی لـــە حکوومەتدا بکات و کۆبوونـــەوەی ئەنجوومەنی ســـەرکردایەتی ئەو حزبەش جەخت لەســـەر حکوومەتـــی یەکڕیزیی نیشتمانی دەکاتەوە. هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش «گۆڕان ٢٤ کورسی، یەکگرتوو ١٠ کورسی، کۆمەڵ ٦ کورسی» جەخت لەســـەر بەشداریکردنی کارا نەك «رووکەشـــانە» لە داڕشتنی بەرنامەی حکوومەت و لە کارهەڵســـوڕاندندا دەکەنەوە، بەڵام ترسیشیان لەوە هەیە«پارتـــی و یەکێتـــی» لەنێوەخۆیاندا ڕێکبکەون و ئەوان لە هاوکێشـــەکە ببەنـــە دەرەوە. بۆ ڕێگەگرتن لەو ســـیناریۆیە پرســـی هەڵبژاردنـــی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەوروژێننەوە و رەنگە کۆسپ و تەگەرەش بۆ حکوومەت، بەتایبەتی لە ناوچە نفووزی پێشووی یەکێتی، بنێنەوەو بە کردەوە حکوومەت پەکبخەن. ئێستا لێرەو لەوێ دەنگ بەرز دەکرێتەوە کە دەبێ پارێزگاری ئێستەی سلێمانی کە لەسەر پشکی یەکێتییە دەست لەکار بکێشـــێتەوەو رەنگە خۆپیشاندان و بازنەی ناڕەزایەتی (وەك ئەوەی لە دەربەندیخان و ناو قوتابیانی زانکۆ.. هەیە) بەرفرەتر ببێتەوە. ئەوە لەکاتێکدایە، کە هێشـــتا تەنگژەو کاردانەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ٩/٢١ لەناو یەکێتی، بەتایبەتی لە ئاستی سەرکردایەتی، بە لایەکدا نەکەوتوون کە بە ناچاری خەڵك و هێزی دیکەی هێناوەتە ناو کێشـــەکان، ئەگەر بە شـــەرعییانە چارە نەکرێن رەنگە سەر بکێشـــێتە لێکترازان و جیابوونەوەو دەرەنجامـــی خراپتر. لە ســـۆنگەی ئەمەوە چەندین بەرپرســـی باڵای حکوومەتی ئێران ســـەردانی لایەنە پێوەندیدارەکانیان کردووەو بە قسان ئێرانیش «حکوومەتی بنکە فراوانی پێ باشـــە». ئەوە لەکاتێکدایە، هێشتا قانوونـــی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕێککەوتنی کۆتایی لەســـەر نەکـــراوە، لەنێوان یەك بازنەیـــی و فرە بازنەیی و هەنـــدێ وردە خاڵی تردا، کە کورد هەڕەشـــەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردن دەکات لەکاتی بڕیاردانی فرە بازنەیی. لەکاتێکدا مالیکی لە واشنتۆن جەخت لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا دەکاتەوە! ئەوە بێ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك کە دیســـان کێشەو بێشەی لەســـەرە. ئەمریکا دیسان هاتۆتە سەر خەت، بڕیارە ســـەرۆك بارزانی ســـەردانی ئەمریکا بکات و رەنگە دوای ئەویش نجێفی. چونکە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا گیرۆ و ویژ بـــووەو کێرڤی توندوتیژی لەم ساڵەی دواییدا بەرز بۆتەوەو پارەو پوڵی عێراق بە هەدەر دەڕواو ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییەکانیش بەرەو پێشەوە نەچوون و عێراق بەم یان بەو شێوەیە لە هەندێ پرس و کێشەی ناوچەیی وەك تەنگژەی سوریا ئاڵاوە کە جێگەی ناڕەحەتیی ئەمریکایە. بەداخەوە، پێوەندیی نێوان PYD کە لە رووی ســـەربازییەوە باڵادەســـتە بەســـەر رۆژئاوای کوردســـتان و هەرێمی کوردستان بەتایبەتـــی پارتی دیموکراتی کوردســـتان جۆرێ لە ســـاردو ســـڕی تێکەوتووە کە ئومێد دەکرێ ئاسایی ببنەوەو نەبێتە کارتێکی دی بۆ گەورەکردنەوەی درزی نێوان کوردان.

کەواتـــە پێناچێ، کابینەی هەشـــتەم وا زوو پێك بێ و دانوســـتانەکان ســـەخت دەبن، ئەگەر ئامادەگیی ســـات و سەوداو ســـازش لە گۆڕێ دا نەبێ لەسەر پرسەکانی «بەرنامەی هاوبەشی حکوومەت، پۆستە ســـیادییەکانی وەك دارایی و ناوخۆ و پێشـــمەرگەو سامانە سروشتییەکان و پرۆژەی دەستوور». من یەك بە بارە خـــۆم رۆحیەتێکی تازە لـــە هیچ لایەنێکەوە نابینم و هەر لایەنێك پاســـاو و بیانووی خۆی هەیە لە پێ چەقاندن لەســـەر هەڵوێستێکی پێشوەختە کە بۆ حزبەکـــەی وای بە باش دەبینـــێ، هیوادارم ئەو پـــێ چەقاندنانە هی پێش دانوســـتاندن بن نەك هی دانوساندنی فیعلی!

لـــەم هەلومەرجـــەدا، نێچیرڤان بارزانـــی بە یاوەری شـــاندێکی باڵا کە جێگرەکەی، واتە عیماد ئەحمەد «یەکێتـــی» لەگەڵدا بوو، لە ١٠/٣١دا ســـەری لە ئەنقـــەرە داو لەگـــەڵ داود ئۆغلـــۆ و رەجەب تەیب ئەردۆگان کۆبۆوە. بە قســـەی ئاژانسەکان بێ، ئەو ســـەردانە زێتر رووێکی ئابووری هەبووە تا سیاسی. لێ بە مەزندەی من ئەو ســـەردانە زێتر لە یەك روو و رەهەندی هەبووەو هەیە، پێش ســـەردانەکەی ئۆغلۆ

**هێشتا لەنێوان فراکسیۆنە براوەکاندا، ڕێککەوتن لەسەر سێ پۆستی دەستەی سەرۆکایەتیی نەکراوە، چونکە هیچ لیستێک بە تەنیا لە کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراودا ئەو پۆستانەی پێ ساغ ناکرێتەوە**



**پێناچێ، کابینەی هەشتەم وا زوو پێک بێ و دانوستانەکان سەخت دەبن، ئەگەر ئامادەگیی سات و سەوداو سازش لە گۆڕێ دا نەبێ لەسەر پرسەکانی «بەرنامەی هاوبەشی حکوومەت، پۆستە سیادییەکانی وەک دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگەو سامانە سروشتییەکان و پرۆژەی دەستوور»**

بۆ بەغدا. پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان ماوەی ٥ ساڵێکە رۆژ بە رۆژ مکومتر دەبێ کە نێچیرڤان بارزانی رۆڵێکی هەرە ئەساسی تێدا گێڕاوە لەژێر چاودێریی سەرۆك بارزانی، لە بازنەو روانگەی تەناهی دەرچووە، رەهەندی بەرژەوەندی هاوبەشیی ئابووری (بەتایبەتی کردنەوەی بازاڕی کوردستان لەبەردەم کاڵای تورکی و کۆمپانیا جیاجیاکانی تورکیا بەتایبەتی بواری وزە) و سیاسی (پرسی کورد لە تورکیا خۆی و ئاستەنگەکانی ئێستای و پرۆسەی سیاسی لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان دوای هەڵبژاردنی گشتی) تەناهی و ناوچەیی (کێشەی سوریا و رەوشی کوردستانی رۆژئاوا و هەماهەنگی نێوان کوردو بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە و جنێف ٢ و هەڵوێستی ئەمریکا لە ناوچەکە و ریزبەندییەکانی دیکەو کێشەی مەزهەبی»... وەرگرتووە. ئەو پێوەندییانە هەم بۆ تورکیا و هەم بۆ هەرێمی کوردستان بوونەتە پێویست، داود ئۆغلۆ گوتەنی و پێموایە گەیشتوونەتە خاڵی نەگەڕانەوە بۆ دواوە. ئەوە لەکاتێکدایە، کە زەوینە بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان بەغداو ئەنقەرە خۆش دەکرێ (سەردانی پێشووتری زێباری بۆ ئەنقەرەو سەردانی دوو حەفتەی داهاتووی ئۆغلو بۆ بەغداو پاشان سەردانی مالیکی بۆ ئەنقەرە) کە رەنگە بزاوتی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەکانی ناوچەکە بێتە کایەوە و تورکیا نایەوێ دوای بێ ئومێدبوون لە سوریا و یەکلایی بوونەوەی رەوشی ئەوێ بە جۆرێکی




دی، بازاڕی عێراق و پێگەکەی و دەوڵەمەندیی ئەو وڵاتە بە یەدەگی نەوت و گازو کانزای تری دەگمەن «وەك جیوەی سوور» لەدەست بچێ و «ئیکتیفا» بە هەرێمی کوردســـتان ناکات. ڕەنگە لەم سۆنگەیەشەوە دوای ســـەردانەکەی مالیکی بـــۆ ئەنقەرە جۆرێ لە هەماهەنگـــی لەنێـــوان بەغدا- هەولێـــر- ئەنقەرە لە بواری وزە (نەوت و گاز، بەتایبەتی کە بۆڕی نەوت گواســـتنەوە لەنێوان کوردستان و تورکیا سەربەخۆ لە بۆڕییە نەوتی کەرکووك- جەیهان تەواو بووەو کوردستان بیر لە دانانی خەتێکی دیکەی نوێش دەکاتەوەو ڕەنگە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا بکەوێتە کارو بەمشێوەیە قەبارەی ناردنە دەرەوەی نەوت بەرەو ســـەر هەڵبکشێ نەمـــازە بۆڕییە نەوتی کەرکووك-جەیهان چ بە هۆی کێشەی تەکنیکی بێ یان تیرۆر ئەو توانایەی جارانی نەمـــاوە) و پەرەپێدانی ئاڵۆگۆڕی بازرگانی (پلانی فرەوانکردنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل یان کردنەوەی دەروازەیەکی دی لە ئارادایە) بدۆزرێتەوە، ڕەنگە ئەم هۆکارانەو هی تریـــش تورکیایان وا لێ کردبێ چاو بە پێوەندییەکانی دا بگێڕێتەوەو ژمارەی دۆستەکانی زێدە بکاتەوە و تورکیا بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی (zero problem). ئـــەوە لەکاتێکدایە کە پێوەندیی نێوان ئەنقەرە- هەولێر باشـــە و دەکرێ بەغداش بهێنرێتە ناو پێوەندییەکی سێ کوچکەییەوە کە بە قازانجی عێراق و پێکهاتە سەرەکییەکانی دەبێ بەر لە هەموو لایەکی تر کە هەرێمی کوردســـتان ڕۆڵی بەیەکەوە بەستنەوەو پردی تێدا دەگێڕێ...

**پێش سەردانەکەی ئۆغلۆ بۆ بەغدا پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان ماوەی ٥ ساڵێکە ڕۆژ بە ڕۆژ مکومتر دەبێ کە نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی هەرە ئەساسی تێدا گێڕاوە لەژێر چاودێریی سەرۆک بارزانی**

### هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی کارا لەسەر نەخشەی وزەی جیهان

# بە تەواوبوونی هێڵی دووەم هەناردەی نەوتی کوردستان دەبێتە یەک ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا



پرۆفیسۆر ئۆستن رەنی لە کتێبی (سیاسەتی حوکم) و لە پێناسەیەکدا بۆ سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدار، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سیاسەتمەدار تەنیا سندوقی ئایندەی دەنگدان دەبینێت، بەڵام دەوڵەتمەدار سەیری ئایندەی وڵات و نەوەی ئایندە دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو رۆڵەی سەرکردەی دەوڵەتمەدار لە بونیادی نەتەوە و بونیادنانەوەی دەوڵەتدا دەیگێڕێت، جیاوازە لەو رۆڵەی سیاسەتمەدارێك لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتەکەیدا پیادەی دەکات، هەربۆیە مێژووی سیاسەت پێمان دەڵێت زۆرجار سەرکردەی دەوڵەتمەدار لە پێناوی بونیادنانی ئایندەی نەتەوەکەی هەڵبژاردنی دۆڕاندووە، بەڵام گرەوی مێژووی بردۆتەوە.
ئەگەر ئەم دەسپێکە بکەینە هەڵوەستەکردن لەسەر پرۆسەی دارشتنی نەخشەیەك بۆ بونیادنانەوەی عێراق، ئەوجا چ لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێش رووخانی رژێمی پێشوو، یان لەدوای رووخانی رژێم و لە کاتی دارشتنی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراق لە ٢٠٠٥، ئەوا زۆر بە راشکاوی هەست بەوە دەکەین کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان چۆن بە ئەقڵیەتی دەوڵەتمەدار مامەڵەی لەسەر ئەم پرسە گرنگە کردووە و، ئەوەی لەبەر چاو بووە کە دەبێت دەستووری عێراق بەو جۆرە دابمەزرێت کە دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی هاوچەرخ بونیادبنێتەوە و هەر ئەم دەستوورەش دەبێت ببێتە رایەڵی پێکەوە گرێدانەوەی پێکهاتەکانی عێراق و هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، راشکاوانەتر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان راشکاوانە ئەوەی بە عێراقیەکان و ناوچەکە و جیهان راگەیاند، تەنیا یەك رێگە بۆ پێکەوە ژیان و یەکپارچەیی عێراق هەیە، ئەویش پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندایە کە لەدەستووری عێراقدا هەموو وردەکارییەکانی دەست نیشانکراوە و بنەمای ئەم پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندایەش بەمجۆرەیە:

١. دەوڵەتی تازەی عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی و پەرلەمانی و فرەیی دەبێت.
٢. لەم دەوڵەتە فیدرالیەدا دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێن لە نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان.
٣. حکومەتی فیدرالی دەسەڵاتی حەسری و دیاریکرا و دەبن و هەرێمەکان دەسەڵاتیان فراوان دەبێت، تەنیا ئەو دەسەڵاتانەیان نابێت کە دەکەونە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی ناوەندییەوە.
٤. داهاتی عێراق بە یەکسانی بەسەر سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق دابەش دەکرێت.

لایەنێکی گرنگتر لەدەستووری هەمیشەیی عێراق کە لە ٪٨٠ی عێراقیەکان دەنگیان پێداوە، ئەو میکانیزمەیە کە مافی هەرێمەکان یان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق ئەوجا چ (کورد بێت یان شیعە یان سوننە) گەرەنتی دەکات و لە تەفسیری ناجۆر دەیپارێزێت ئەو خاڵەیە، کە ئەم دەستوورە هەموار ناکرێت ئەگەر دوو لەسەر سێی تەنیا سێ پارێزگا ئەو هەموار کردنەوەیە رەتبکاتەوە، ئەم خاڵە مانای ئەوەیە هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت دەسکاری ئەو مافانە بکات کە لەو دەستوورەدا بۆ هەریەك لە سێ پێکهاتە سەرەکیەکە (کورد و شیعە و سوننە) دیاریکراوە، بۆیە ئاساییە پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەوجا (کورد بێت یان شیعە یان سوننە) داوای هەمووارکردنەوەی دەستوور بکات لەو بڕگانەی کە پەیوەندی بە مافی ئەو پێکهاتەوەیە هەیە، بەڵام بۆی نییە دەستکاری مافی پێکهاتەیەکی دیکە بکات، لەمەش گرنگتر کە بەداخەوە تائێستاش سیاسەتمەدرانی عێراق یان لە بڕگەکانی ئەم دەستوورە تێناگەن یان دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەفسیری لابەلای بۆ بکەن، ئەو خاڵەیە کە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ لەسەر ئەو بنەمایەیە کە حکومەتی فیدرالی دەسەڵاتەکانی سنوردار بێت و حکومەتی هەرێمیەکان دەسەڵاتیان هەتا ئەو ئاستە فراوان بێت کە بتوانن هەموو سەرچاوە سروشتیەکانی خۆیان بەرێوەبەرن و رێککەوتننامەی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان ئیمزا بکەن، ئەم کارە کە پێویستە بە هەمانگی بێت لەگەڵ حکومەتی فیدرالی، ئەوا دەستووری عێراق ئەو چوارچێوەی بۆ دیاریکردووە.

**مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی داهات بۆ بونیادی دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی هەموو کات وەک کێشەیەک لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا بەرچاو دەکەوێت**

## دەسەڵاتی هەرێمەکان
## لە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەدەستووردا

ئەوەی دەبێتە فاکتەری سەرکەوتن بۆ دەوڵەتی فیدرالی فرە نەتەوە و فرەئیتنی، دابەشکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی داهاتە، ئەوجا لەبەر ئەوەی لەعێراقدا تەنیا یەك هەرێمی فیدرالی هەیە کە ئەویش هەرێمی کوردستانە و ئەم هەرێمەش وەك دیفاکتۆ لەدەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدوای پەسەندکردنی دەستووری عێراقەوە لە ٢٠٠٥ـەوە تا ئێستا هەوڵنەدراوە کە دەوڵەتی تازەی عێراق، بەتەواوی بکرێتە دەوڵەتێکی فیدرالی و هەرێمی دیکە هاوشانی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا دابمەزرێت، ئەوا زۆر جار سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی کە حکومەتە هەرێمییەکان بەپێی دەستووری عێراق هەیانە، جۆرێك لە ئیشکالیەت دروست دەبێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق و دەسەڵاتدارانی بەغدا، لەبری ئەوەی هەوڵ بۆ ئەوە بدەن عێراق بەرەو دەوڵەتێکی فیدرالی هاوچەرخ بەرن، هەوڵدەدەن حکومەتی فیدرالی بەرەو سەنترالیزەکردن ببنەوە، ئەمەش راشکاوانە واتە بوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لەبری حکومەتێکی فیدرالی دەسەڵات سنوردار لە بەغدا و فەرزکردنی ئیدارەی ناوەند بەسەر تەواوی عێراقدا وەك ئەوەی لە حکومەتەکانی پێشووی عێراق تا ساڵی ٢٠٠٣ بینوویمانە، ئەم بیرکردنەوەیەی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەوانەیە لەبەر هەندێك هۆکار لەلایەن هەردوو پێکهاتەی شیعەو سوننەوە

جێگەی هەڵوەستە و داكۆكی كردن نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نە شیعە بەرامبەر سوننە بڕوای بەدابەشكردنی دەسەڵات هەیە، نە سوننەش ئەوەی قبوڵە كە دەسەڵات لەگەڵ شیعە دابەش بكات و دان بەوەدا بنێت كە شیعە وەك زۆرینە لە عێراقدا دەبێت لە حكومەتی فیدرالی پشكی شێری هەبێت، بۆیە لایەنی سوننە هەتا ئێستاش لەهەوڵی ئەوەدایە كۆی دەسەڵاتەكانی بۆ بگەڕێتەوە و چۆن بە درێژایی نزیكەی سەد ساڵی رابردوو خۆی بە تەنیا حكومڕانی كردووە، جارێكی دیكە ئەو دەسەڵاتەی بۆ بگەڕێتەوە، بۆیە مەسەلەی دابەشكردنی دەسەڵات و دابەشكردنی داهات بۆ بونیادی دەوڵەتێكی دیموكراتی و فیدرالی هەموو كات وەك كێشەیەك لەنێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەندی بەغدا بەرچاو دەكەوێت، ئەمە لەكاتێكدا بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، هەوڵدان بۆ بونیادنانەوەی حكومەتی سەنترالی لە بەغدا كارێكە پێچەوانەی دەستوورە و لایەنی كوردستانی بە ئاشكرا رایگەیاندووە كە هەرگیز جارێكی دیكە ئامادە نابێت بەشێك بێت لەوڵاتێك كە ئامادەنەبێت پرانسیپی پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانە پیادە بكات.

كەواتە كێشە و ئاستەنگی سەرەكی لەنێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا، كێشەی پراكتیزە كردنی سیستمی فیدرالیە لە عێراق و ڕێگرتنە لەدووبارەبوونەوەی ئەزموونی خوێناوی سەنترالیزم كە هەموو توانا و سەرچاوەكانی عێراقی بە فیڕۆداوە. بەمانایەكی دیكە حكومەتی هەرێمی كوردستان راشكاوانە دەیەوێت ئەو لایەنەی دەستووری عێراق پەیوەندی بە دەسەڵاتە فراوانەكانی هەرێمی كوردستانەوە هەیە وەك خۆی جێبەجێی بكات و لەسنوری دەستووری عێراقیش دەرنەچووە، هەروەك چۆن لە داڕشتنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان ئەو ڕێچكەیەی بە وردی پیادەكردووە، ئەوەی كە ڕێگرە لەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان لەگەڵ یاسای نەوت و گازی فیدرالی جیاوازی هەبێت، ئەوەیە رەشنووسی یاسای نەوت و گازی عێراق لەسەر بنەمای یاسا كۆنەكانی عێراق داڕێژراون و كەمتر پشت بەدەستووری تازەی عێراق بەستراوە، هەر بۆیە كاتێك ئەم پرسە دەخرێتەوە چوارچێوەی بڕگە و بنەماكانی دەستووری عێراق، ئەوا هەست دەكەین هەردوولا حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدرالی جۆرێك لە تێگەیشتن لەنێوانیان دروست دەبێت و دەروازەیەك دەكرێتەوە بۆ ئەوەی كێشەكان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بكرێن، هەروەك چۆن لە بەهاری رابردوو و لەمیانەی سەردانەكەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا و پاشان هاتنی نوری مالیكی بۆ هەولێر نەخشەی ڕێگە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان هەڵگیراو لیژنەی تایبەت بۆ چارەسەری كێشەكان دامەزران.

**كێشە و ئاستەنگی سەرەكی لەنێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا، كێشەی پراكتیزەكردنی سیستمی فیدرالیە لە عێراق و ڕێگرتنە لەدووبارەبوونەوەی ئەزموونی خوێناوی سەنترالیزم كە هەموو توانا و سەرچاوەكانی عێراقی بە فیڕۆداوە**

ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت هەر كاتێك حكومەتی بەغدا وەك حكومەتێكی فیدرالی سەیری خۆی بكات و رەفتارەكانی پیادە بكات، ئەوا حكومەتی هەرێمی كوردستان لەهەموو لایەك نزیكترە لە حكومەتی فیدرالی و هۆكارێكی سەرەكیە بۆ سەركەوتنی ئەم حكومەتە، بەڵام كاتێك حكومەتی بەغدا هەوڵدەدات وەك حكومەتێكی سەنترالی بیربكاتەوە، ئەوجا نەك هەر لەبواری نەوت و گاز، بەڵكو لەهەموو بوارەكانی ژیان، ئەوا حكومەتی هەرێمی كوردستان هەڵوێستی دەبێت و لەهەمووان زیاتر لە حكومەتی سەنترالی دوور دەكەوێتەوە. ئەم حاڵەتەش بە تەواوەتی لەسەر پرسی یاسای نەوت و گاز و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەكانی هەرێمەكان بە تەواوەتی رەنگیداوەتەوە، هۆكاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە، سیستمی فیدرالی ڕێگە نادات دەوڵەت لەسەر بنەمای خۆ پڕچەككردن و بونیادی سوپای ملیۆنی بەهێز بێت، بەڵكو دەوڵەتی فیدرالی لەسەر بنەمای دانانی بە پێكهاتە جیاوازەكان و دابەشكردنی دەسەڵات لەنێوانیان و سنورداركردنی دەسەڵاتەكانی حكومەتی فیدرالی بەهێز دەبێت، بەهێزبوونێك كە بتوانێت پێكهاتە سەرەكیەكان پێكەوە بژین و پێكەوە كاربكەن و یەكپارچەیی وڵات بپارێزێت، نەك بەهێزبوونێك كە پێكهاتەكان بكاتە دوژمنی یەك و عێراقیش لەبەر یەك هەڵوەشێنێت.

## مافی هەرێمەكان
## بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەكان

لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، هەرێمی كوردستان تەنیا وڵاتێكی دوای شەڕ نەبوو، بەڵكو وڵاتی دوای شەڕ و پشتگوێخراوی پەنجا ساڵە بوو، لە هەرێمی كوردستان نەك هەر ژێرخانی ئابوری تێكشاوبوو، بەڵكو بەدەستی ئەنقەستی رژێمەكانی پێشووی عێراق نەیانهێشتبوو ژێرخانی هیچ خزمەتگوزارییەك لە كوردستان دروست بێت، ئەمەش وایكردبوو كە كوردستان لە سفرەوە دەست بكات بە دروستكردنەوەی هەموو لایەنەكانی ژێرخان، بۆیە لەبەردەم ئەم تەحدییە گەورەیەدا، هەرێمی كوردستان پێویستی بەوە بوو كە هەموو سەرچاوەكانی خۆی سوود لێوەربگرێت بۆ ئەوەی بنەمایەكی ئابووری سەربەخۆ بونیاد بنێت، لانی كەم بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەی بونیادنانەوەی دەستی پێكردووە رانەوەستێت، ئەم پێشبینیەی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووە هۆكاری ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بیر لەوە بكرێتەوە سوود لە سەرچاوە سروشتیەكان بە تایبەتی (نەوت و گاز) وەربگیرێت، ئەم سوود لێوەرگرتنەش بۆ ئەوە نەبوو داهاتی ئەم سەرچاوە سروشتیانە بۆ هەرێمی كوردستان بێت، بەڵكو بەپێی دەستوور داهاتەكە بگەڕێتەوە بۆ حكومەتی فیدرالی و جارێكی دیكە بەسەر هەموو عێراقدا دابەش بكرێت، ئەمەش راشكاوانە مانای ئەوەیە هەتا حكومەتی فیدرالی بڕوای




به دابەشکردنی دەسەڵات و داهات هەبێت، ئەوا هەرێمی کوردستان وەك حکومەتێکی هەرێمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا بەدەستووری عێراقەوە پابەند دەبێت، بەڵام گرنگی وەبەرهێنان لەکەرتی (نەوت و گاز) بۆ هەرێمی کوردستان و بەردەوامی پرۆسەی پەرەپێدان، گەرەنتی ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستانە لەسەر بنەمای سەرچاوەیەکی داهات کە چیدیکە ناوەند نەتوانێت بەشە داهاتی کوردستان لە بودجەی عێراق وەك چەکێك دژ بە داواکانی خەڵکی کوردستان بەکاربهێنێت، یان بەشە داهاتی کوردستان وەك سزایەك دژی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێت.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و بە پشت بەستن بەدەستووری عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەمدا ئەم مافە دەستوورییەی خۆی پیادە کرد و پاشانیش کە حکومەتی عێراق نارەزایی پیشانداو بانگێشەی بۆ ئەوە کرد ئەم مافە لەدەرەوەی دەستووری عێراقە، ئەوا بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیران لە کابینەی پێنجەم، بەراوردی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی سپارد بە زانکۆیەکی بەریتانی و ئەوانیش راشکاوانە و بە فەرمی وەڵامیاندایەوە کە ئەم یاسایە لەگەڵ دەستووری عێراقدا هیچ جیاوازییەکی نییە، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ببێتە جێگەی متمانەی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و هەرەشەو بانگشەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق هیچ کاریگەرییەکیان نەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا لەوانەیە پرسیار ئەوە بێت، چۆن کۆمپانیا گەورەکانی پەترۆڵ و گاز، گازندە و هەرەشەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق بۆ کۆنتراکتەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو ناگرن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کۆمپانیاکانی پەترۆڵ کە وەبەرهێنان لەم بوارە دەکەن، پشت بە دەستووری عێراق دەبەستن و حکومەتی عێراقیش بە فەرمی ناتوانێت بڵێت من کار بەو دەستوورە ناکەم، بۆیە کۆمپانیاکان لەسەر گرێبەستەکانیان بەردەوامن و پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیش گەیشتۆتە ئاستێك کە ناکرێت بگەڕێتەوە بۆ دواوە.

لەوانەیە لێرەدا بۆ بەبیرهێنانەوە و ئاماژەکردن بە پەیوەندییەکانی سالانی ٢٠٠٤-٢٠٠٨ی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا خزمەتی ئەم باسە بکات، گومانی تێدانییە پەیوەندییەکانی سالانی ٢٠٠٤- ٢٠٠٨ی نێوان هەولێر و ئەنکەرە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ناخۆش بوو، ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە بۆ هەردوولا هەولێر و ئەنکەرە زیانی هەبوو، هۆکاری سەرەکی ئەم ئاڵۆزییەش نیگەرانی تورکیا بوو سەبارەت بە گەشەسەندنەکانی تورکیا و شێوازی کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی لەدەستووری عێراقدا بۆی دیاریکرابوو، بۆیە پاش ئەوەی هەردوولا هەنگاویان بۆ پێشەوە هەڵگرت و

**هەر کاتێک حکومەتی بەغدا وەک حکومەتێکی فیدرالی سەیری خۆی بکات و رەفتارەکانی پیادە بکات، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەموو لایەک نزیکترە لە حکومەتی فیدرالی و هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتنی ئەم حکومەتە**



**گرنگی وەبەرهێنان لەکەرتی (نەوت و گاز) بۆ هەرێمی کوردستان و بەردەوامی پرۆسەی پەرەپێدان، گەرەنتی رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستانە لەسەر بنەمای سەرچاوەیەکی داهات کە چیدیکە ناوەند نەتوانێت بەشە داهاتی کوردستان لە بودجەی عێراق وەک چەکێک دژ بە داواکانی خەڵکی کوردستان بەکاربهێنێت**

گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە شێوازی حکومڕانی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدرالی لە چوارچێوەی عێراقدا، شێوازێکە دەستووری عێراق دەسەڵاتی بۆ دیاریکردووە و ناکرێت وڵاتێکی دراوسێ لە بارودۆخێك نیگەران بێت کە دەستووری وڵاتەکە دانی پێداناوە، بۆیە دوای دروستبوونی ئەم قەناعەتە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرە نەك هەر ئاسایی بوونەوە، بەڵکو ئێستا هەولێر و ئەنکەرە وەك دوو هاوبەشی ستراتیژی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسیی و بازرگانی و وزە وەك دوو کاراکتەری سەرەکی رۆڵی خۆیان دەگێڕن، وەك بەڕێز ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیاش ئاماژەی پێکرد، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان گەیشتوونەتە ئاستێك کە هەردوولا وەك پەیوەندی پێویست سەیری دەکەن و ناگەڕێتەوە بۆ داوە، ئەم ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێریش راستە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەغدا خۆی پابەند بێت بەدەستوورەوە و رێز لەو دەسەڵاتانە بگرێت کە دەستوورەکە لەنێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدرالی دابەشیکردوون، ئەوا بە هەمان شێوە نەك هەرکێشە و ئاڵۆزی لەنێوان هەولێر و بەغدا بوونی نابێت، بەڵکو هەولێر دەبێتە دەروازەیەکی گەورە بۆ بونیادنانەوەی عێراق و ئەو کۆمپانیایانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، روودەکەنە شارەکانی دیکەی عێراق و عێراق لەو نەهامەتی و ناسەقامگیرییە رزگاری دەبێت کە ئێستا تێیکەوتووە، لەمەش گرنگتر فراوانکردنی وەبەرهێنانی کەرتی نەوت و گاز لەهەرێمی کوردستان، دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ بودجەی عێراق و حکومەتی فیدرالی عێراق داهاتێکی زیاتری لەبەردەست دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان بەردەوام بکات، بەڵام خاڵی نەرێنی و خراپ لەم هاوکێشەیە ئەوەیە کە بۆ بەرژەوەندی کاتی و مانەوە لەدەسەڵات هەندێك جار بەپێی مەزاجی سیاسی بڕگەکانی دەستوور تەفسیر دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا پێویستە عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی ئەو جۆرە کێشانە رووبەڕووی دادگایەکی سەربەخۆی فیدرالی بکاتەوە بۆ ئەوەی رۆڵی دادوەر لەنێوان دەسەڵاتی هەرێمەکان و حکومەتی فیدرالی یەکلایی بکاتەوە.

### کە نەوت بەرهەمهات دەبێت بگاتە بازاڕەکانی جیهان

ئەوەی ساڵێك لەمەوپێش هەڕەشەی لەسەر دەکرا و قسەی ئەوەی لەسەر دەکرا کە هەرێمی کوردستان مافی وەبەرهێنانی لەکەرتی نەوت و گازدا نییە، ئەوا وەك ئەوەی لەدوایین لێکتێگەیشتنی نێوان هەولێر و بەغدا ئاگادارین، ئەوەیە کە حکومەتی عێراق ئامادەیە تێچووی پارەی دەرهێنانی ئەو نەوتە بدات کە کۆمپانیاکان دەری هێناوە، ئەم لێکتێگەیشتنە دوو خاڵی دیکەی لێدەخوێنرێتەوە:

١. حکومەتی فیدرالی عێراق دان بەوەدا دەنێت کە وەبەرهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستان کارێکی راستە



و بەڕێوەبردنی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێراق مافی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

**٢.** هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوە رازییە داهاتی نەوت بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی فیدرالی و جارێکی دیکە بەسەر هەموو عێراقیەکاندا دابەشبکرێتەوە.

ئەم دووخاڵە ئەمەمان پێدەڵێن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەردوو پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی داهاتی سەرچاوە سروشتیەکان هیچ کێشەیەکی نییە و مەبەستی لە وەبەرهێنان لەکەرتی وزە بۆ ئەوەیە کە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ عێراقیەکان دروست بێت، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر وڵاتەکەیان بونیادبنێنەوە و لەمەش گرنگتر نەوت و گاز ئەگەر پێشتر هۆکارێك بوبێت بۆ نەهەماتیی عێراقیەکان و سەرکوتکردنی عێراقیەکان، لێرە بەدواوە ئەو سامانە ببێتە خێر و بەرەکەت بۆ هاووڵاتیان و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکاندا.

کەواتە ئەوەی لەم خاڵانە دەبنە دەرەنجام بریتییە لەوەی حکومەتی عێراق دان بەوەدا دەنێت کە وەبەرهێنانی نەوت کارێکی دەستوورییە و هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر ئەوە رازییە کە داهاتی نەوتەکە بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی فیدرالی، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو نەوتەی کە لەسەر بنەمای دەستووری عێراق بەرهەمهاتووە، دەکرێت بهێڵرێتەوە و نەگاتە بازاڕەکانی جیهان؟ سەبارەت بەم لایەنە رۆژنامەی فاینیشاڵ تایمز لە زاری ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی وزە لە ئەستەنبوڵ رایگەیاندووە: (هەناردەکردنی نەوت بۆتە هەقیقەت، ئەمەش هەر دەبێت) هەروەها وەزیری سامانە سروشتیەکان ئاماژەی بەوەشکردووە کە دوای ئەو لێکتێگەیشتنەی ساڵی پار لەگەڵ بەغدا روویداوە نەوت بەرێگەی تانکەر هەناردەی دەرەوە کراوە، بۆیە هەناردەکردنی نەوتیش چ بەرێگەی تانکەر بێت یان بۆری تایبەتی، ئەوا هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت.

ئەم پشت ئەستوورییەی سیاسەتی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و تەنانەت لەناو عێراقیشدا، وایکردووە رۆژانە هەم بەرهەمی نەوت زیاد بکات، هەمیش بیر لەوە بکرێتەوە کە بۆری دووەم بۆ هەناردەکردنی نەوت دروست بکرێت، هەروەها چۆن وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان لەهەمان کۆنفرانسی وزە لە ئەستەنبوڵ رایگەیاند کە هێڵی دووەمی هەناردەکردنی نەوت دەست پێدەکات و لەماوەی ١٨ مانگی داهاتوو تەواو دەبێت و بە تەواوبوونی ئەم هێڵەش هەناردەی نەوت لە هەرێمەوە بەرز دەبێتەوە بۆ یەك ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا و لە ساڵی ٢٠١٩ دەگاتە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا.

**کۆمپانیاکانی پەترۆڵ کە وەبەرهێنان لە بواری نەوت دەکەن، پشت بە دەستووری عێراق دەبەستن و حکومەتی عێراقیش بە فەرمی ناتوانێت بڵێت من کار بەو دەستوورە ناکەم، بۆیە کۆمپانیاکان لەسەر گرێبەستەکانیان بەردەوامن و پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیش گەیشتۆتە ئاستێک کە ناکرێت بگەڕێتەوە بۆ دواوە**



مارسیللۆ بچیللی بۆ گوڵان:

# تاوەکو نەوت بەم ئاستە گرنگ بێت تەرازووی هێز بەلای وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەشکێتەوە

**پرۆفیسۆر مارسیللۆ بیچیللی ئوستادی ئابووری سیاسی نیودەوڵەتی و بازرگانی جیهانیە لە زانکۆی ئیللنیوز و تایبەتمەندە لەسەر ئابووری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا و دەوڵەتانی خاوەن سامانی نەوت بەتایبەتی، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی فاکتەری نەوت و کاریگەری ئەم فاکتەرە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵات و وەبەرهێنان لە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر مارسیللۆ بیچیلی ئەنجامداو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** هەمیشە نەوت فاکتەرێك بووە بۆ دیاریکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی و زۆرجار وەك چەکێك بەکارهێنراوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گرنگی نەوت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێستادا چیە؟**

- پێموایە هێشتا بەهایەکی زۆر گرنگی هەیە، لە بەشێکیدا لەبەر ئەوەی داواکاری روو لە زیادی نەوت لەلایەن چینەوە، هەروەها وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت دووبارە گرنگی بەدەست دەهێننەوە، بۆ نموونە فەنزویلا بۆتە وڵاتێکی زۆر کاریگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هێشتا بەدیلی نەوت نەدۆزراوەتەوە و تاوەکو پشت بەم سەرچاوەی وزەیە ببەستین، ئەوا گۆڕانکاری زۆر بەدی ناکەین و جارێکی دیکە تەرازووی هێز بەلای وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتدا دەشکێتەوە، ئەویش بەهۆی رۆڵی نوێی وڵاتێکی وەك چینەوە کە داواکاری بۆ نەوت زیادی کردووە. هەروەها بەشێکی زۆری هێزی روسیا لەوەدایە کە وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوتە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت کە ئێستا ئەمریکا دەستی کردووە بە دۆزینەوەی نەوت لە خاکی خۆیدا، رەنگە ئەمە دووبارە هاوسەنگی هێز بگۆڕێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت دەسەڵاتێکی سیاسی- بەڕاستی- بەهێزیان هەیە، بە چەشنێك کە لە حەفتاکانی سەدەی رابردو ئەم دەسەڵاتەیان نەبووە.

*** بەپێچەوانەی کاڵاکانی دیکەوە، وەك پیشەسازی و تەکنەلۆجیا، نرخی نەوت لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا لە بەرزبوونەوەدایە، واتە بە بەراورد بە نەوت نرخی کاڵاکانی دیکە دابەزیون، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت ئایندەی هێز و سیاسەت دیاری دەکەن؟**

- زۆر گرنگە گۆڕانی نرخ- هەروەك ئێوە باستان کرد- لەبەرچاو بگرین، لەبەر ئەوەی لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردودا، زۆر کەس باوەڕیان وابو کە چارەنووسی وڵاتە هەژارەکان ئەوەیە بە هەژاری بمێننەوە لەبەر ئەوەی هەمیشە نرخی کاڵا پیشەسازیەکان لە نرخی سەرچاوە سروشتیەکان گرانتر دەبێت، بەڵام ئەمە دۆخەکە نییە لە ئێستادا، ئێستا ئەو وڵاتانەی کەمتر پێشکەوتوون، باشتر دەستیان بە زۆرێك لە کاڵاکاندا دەگات کە لە رابردودا ئەمە دەرفەتەیان نەبوو ئێستا کاڵاگەلێك دەفرۆشن کە زیاتر و زیاتر نرخەکانیان بەرز دەبێتەوە. هەروەها با ئەوەمان لەبیر بێت کە دامەزراوە داراییەکان لەلایەن رۆژئاوا و ئەمریکا باڵادەستن بەسەریاندا، راستە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت داهاتی باشیان هەیە.... بەڵام لایەنی دارایی بەرەیەکی دیکەیە و تاوەکو باڵادەست نەبن بەسەر ئەم دامەزراوانەدا ئەوا گەشەکردنیان سنوردار دەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێستادا هەندێ وڵات نەوت

بە شێوەیەکی پتر ژیرانە بەکاردەهێنێت، وەك وڵاتانی ئیمارات کە وەبەرهێنان لە پەروەردە و ژێرخاندا دەکەن، ئەمەش وام لێدەکات تا رادەیەك گەشبین بم بە ئایندە. هەر بۆ نموونە ئیمارات کە وەبەرهێنان دەکات لە پەروەردەدا و داراییەکی زۆری بۆ تەرخان دەکات و و سەنتەری توێژینەوە دروست دەکات، بەڵام هێشتا بە رادەیەکی گەورە پشت بە نەوت دەبەسترێت. لە ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردودا فەنزویلا هەوڵێکی گەورەی خستەگەڕ بۆ پیشەسازیکردنی وڵاتەکە و بۆ دروستکردنی کارگە-جیاواز لە نەوت- و وەبەرهێنانیان کرد لە کشتوکاڵدا، بەڵام ئەگەر سەیری ژمارەکان بکەیت، ئەوا هێشتا بە رادەیەکی گەورە پشت بە نەوت دەبەستن و زۆر زەحمەتە بتوانیت ئەو نەریتە بشکێنیت، بەڵام ئەوان هەوڵدەدەن ئەم کارە بکەن.....یەکێك لە رێگاکان بریتیە لە وەبەرهێنان لە دەرەوە لە پیشەسازیەکانی دیکەدا کەلەلایەن وڵاتانی دیکەوە دروستکرابێت، ئەوان هۆشیارن بەو راستیەی کە ناتوانن داهاتی خۆیان بە هەدەر بدەن و پێویستە ژێرخانی پیشەسازی وڵاتەکەیان پەرە پێبدەن، بەڵام هێشتا بە رادەیەکی زۆر گەورە ژێرخانی ئابووریان پشت بە نەوت دەبەستێت.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا نەوت فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەردەوامبوونی گەشەکردن، بەڵام دەبینین جگە لە نەرویج هیچ وڵاتێك نەیتوانیوە نەوت وەك داهاتێك بۆ گەشەکردن بەکاربهێنێت، چۆن دەتوانرێت داهاتی نەوت بخرێتە خزمەتی پرۆسەی گەشەپێدانەوە؟**

- چەند تەفسیرێك هەیە، من تەنها لەسەر حاڵەتی نەرویج راناوەستم، و باسی کەنەدا دەکەم، لە زۆر رووەوە کەنەدا وڵاتێکی نەوتیە، ئەگەرچی وڵاتێکی زۆر گەشەکردووە و چەندین پیشەسازی هەیە، نەوت پیشەسازیەکی سەرەکیە، لەگەڵ ئاودا، چونکە ئاو هەناردەی ئەمەریکا دەکەن، هەندێ کەس پرسیاری ئەوە دەکەن بۆچی کەنەدا و نەرویج ئەدایان لە وڵاتانی دیکە جیاوازە، لە رووی بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونی ئابووریەوە لە رێی نەوتەوە. لە وڵاتانی کەنداوی فارسیدا، وەك ئیمارات و کوەیت و وڵاتانی دیکە بەو شێوەیە سوود لە سەروەتی نەوت وەردەگرن بەوەی هاووڵاتیان باجێکی کەم بدەن، بەڵام لە وڵاتانی نەرویج و کەنەدادا، ئەگەرچی زۆر دەوڵەمەندن لە رووی نەوتەوە، ئەوا خەڵکی ناچارن باجێکی زۆر بدەن. با بزانین دەرئەنجامەکە چیە، لەو وڵاتانەی کە هاووڵاتیان باجێکی زۆر دەدەن، ئەوا ئەو هاووڵاتیانە پتر بایەخ بەوە دەدەن کە پارەی باجەکە چۆن بەکاردەهێنرێت و بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی حکومەتی ئەم وڵاتانە ناچارە ئەو پارەیە ژیرانەتر بەکاربهێنرێت، بەپێچەوانەی وڵاتانی کەنداوەوە، ئەگەرتۆ باجێکی کەم یان هەر هیچ باجێك نادەیت، ئەوا هیچ مافێکت نییە لەوەی لە حکومەت بپرسیتەوە کە چۆن داهاتەکە بەکاردەهێنێت.....


خەڵکی هەمیشە باسی نەرویج دەکات، بەڵام کەنەدا نموونەیەکی دیکەیە، کەنەداش خاوەنی نەوتە، و وڵاتێکی پڕ لە ئاشتی و زۆر گەشەکردووە و وڵاتێکە لە شەڕدا نییە و هتد...، کەواتە ئەمە یەکێکە لە تەفسیرەکان کە کاتێك تۆ باج دەدەیت، نەك تەنها مافی ئەوەت هەیە کە لەوە بپێچیتەوە کە پارەکەت بە باشی خەرجکراوە، بەڵکو داوای حکومەتێکی پتر شەفاف دەکەیت، لەبەر ئەوەی دەتەوێت بزانیت حکومەت پارەکەت چۆن خەرج دەکات، بەڵام حکومەتی وڵاتانی کەنداوی فارسی هەموو شتێك بە خۆڕایی بە خەڵك دەبەخشن، و ئەمەش باشترین رێگایە بۆ بێدەنگکردنی خەڵك و مافی ئەوەیان نابێت داوای ئەوە بکەن پارەکەیان ژیرانەتر بەکار بهێنرێت.

*** ئایا تاچەند فاکتەری نەوت گرنگە بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی و هەرێمی لە نیوان وڵاتاندا، یان ئایا تاچەند نەوت پێگەی سیاسی وڵاتان بەرز دەکاتەوە؟**

- بە مەزەندی من دەوەستێتە سەر هاوسەنگی هێز لە نێوانیاندا، بە چەشنی چین و ئەنگۆلا، زۆر دەوڵەمەندە لە نەوتدا، بەڵام چین زۆر گەورە و زۆر گرنگە و چین دەتوانێت مەرجەکانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەنگۆلادا دیاری بکات، تورکیاش وڵاتێکی گرنگ و گەورەیە، بەڵام رەنگە جیاوازی نێوان تورکیا و کوردستان هێندەی جیاوازی نێوان چین و ئەنگۆلا نەبێت، ئەمەش پەیوەندیەکی باشتر لە نێوان هەردوو وڵاتدا دروست دەکات، چونکە تەرازووی هێز بە رادەیەکی زۆر لە سوودی لایەك دژ بەلایەنەکەی دیکە نەشکاوەتەوە. بەڵام لە پەیوەندیدا بە چین و ئەنگۆلاوە، ئەوا چین پێویستی بە نەوتە و ئەنگۆلا نەوتی هەیە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەنگۆلا دەتوانێت ئەوە دیاری بکات کە لە چیندا روودەدات و پەیوەندیەکی یەکسانی هەیە لەگەڵ چیندا، دەقا و دەق وانییە، بەڵام بە بەراورد بە رابردوو دەسەڵاتی زیاتری هەیە و تواناى ئەوەی هەیە وڵاتان لە دژی یەکتر بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی نەوتی ئەو وڵاتەیان دەستبکەوێت.. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، پەیوەندییەکە زیاتر هاوسەنگە، راستە هێشتا کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە کەلەلایەن هەموانەوە ئیعتیرافی پێکرابێت و هێشتا عێراق- وەك وڵات ماوە- بەڵام ئێوە لە من باشتر دەزانن کە کوردستان مێژوویەکی ئاڵۆز و دژواری هەبووە و ئەوەندی من بزانم بارودۆخەکە بەرەوپێشدەچێت لە ماوەی چەند ساڵی کەمی رابردودا، بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا دەتوانێت سیاسەتێکی تەواو سەربەخۆی خۆی- سەربەخۆ لە بەغدا- هەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە جاری نەدراوەتەوە.

**کاتێک تۆ باج دەدەیت، نەک تەنها مافی ئەوەت هەیە کە لەوە بپێچیتەوە کە پارەکەت بە باشی خەرجکراوە، بەڵکو داوای حکومەتێکی پتر شەفاف دەکەیت، لەبەر ئەوەی دەتەوێت بزانیت حکومەت پارەکەت چۆن خەرج دەکات**

**تورکیا وڵاتێکی گرنگ و گەورەیە، بەڵام رەنگە جیاوازی نێوان تورکیا و کوردستان هێندەی جیاوازی نێوان چین و ئەنگۆلا نەبێت تا مەرجەکانی گفتوگۆی لەگەڵ دیاری بکات**



ستیفان گۆلوب بۆ گولان:

# نەوتی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکە بۆ بونیادی پەیوەندیی سیاسیی لەگەڵ وڵاتاندا

**پرۆفیسۆر ستیفان گۆلوب ئوستادی ئابووریی سیاسییە و سەرۆکی بەشی ئابوورییە لە زانکۆی سوارسمۆر و تایبەتمەندە لە سیاسەتی ئابووریی نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی نەوت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و گرنگی ئەم سەرچاوەیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هەروەها بایەخی ئەم سەرچاوەیە بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر ستیفان گۆلوب کرد و بەمجۆرە وەڵامی گولانی دایەوە.**

*** نەوت رۆژ لەدوای رۆژ لە جیهانی ئەمرۆدا بایەخی زیاتر دەبێت، ئایا تاچەند ئەم سامانە پێگەی وڵاتانی خاوەن لە سیاسەتی جیهانیدا پتەو دەکات؟**

- ئاشکرایە نەوت کاڵایەکی گرنگە و دەتوانیت بەهۆیەوە داهاتێکی باش بەدەست بهێنیت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆرێك لە وڵاتە خاوەن نەوتەکان خراپ بەکاری دەهێنن، واتە داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت بەدی دێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا گەندەڵی لێدەکەوێتەوە، ئەمە کێشەیەکی گەورەی هاوشان بە نەوتە. وەك نەیجیریا، واتە زۆرێك لە وڵاتانی خاوەن نەوت بە راستی بە هەدەری دەدەن. بەڵام هێشتا نەوت بەرهەمێکی سەرەکییە و لە هەموو بوارەکاندا بەکار دەهێنرێت و نەوت کاڵایەکی گرنگە و پێموایە بۆ ماوەیەکی زۆر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە.

*** بۆچی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەوت خراپ بەکار دەهێنن؟**

- مەسەلەکە هەر تەنیا وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو وڵاتانی ئەفریقیا و وڵاتانی ئەمریکای لاتینیش داهاتەکەی خراپ بەکاردەهێنن، پێموایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە داهاتێکی ئاسانە و کار و کۆششێکی زۆری ناوێت تا بەدەستی بهێنیت، وەك ئەوە وایە پارەیەکی خۆڕاییت دەستکەوێت و ئەمەش ئیغرات دەکات خراپ بەکاری بهێنیت. شتێکی مەزن دەبێت ئەگەر بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکە بەکاری بهێنیت. ئەمە پارەیەکی زۆرە کە خەڵکی شەڕی لەسەر دەکەن و هەر لەبەر ئەوەشە کە بە هەدەر دەدرێت، هەر بۆیە ئەگەر شێوازێك بدۆزیتەوە بۆ ئیدارەدانی ئەوا ئەنجامی ئیجابی لێدەکەوێتەوە، بەڵام وڵاتگەلێکی زۆر کەم ئیجابیانە ئەم کارەیان کردووە، تا رادەیەك ئەندەنوسیا ئیجابیانە بەکاری هێناوە، بەڵام ئەگەر سەیری نەیجیریا و فەنزویلا بکەیت، ئەوا ئەگەرچی خاوەن نەوتن، بەڵام بە باشی گەشەیان نەکردووە.

*** تاچەند داهاتی نەوت گرنگە بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵات بە تایبەتی بۆ وڵاتی تازە پێگەیشتوو کە لە قۆناخی راگواستندا بێت؟**

- بەڵێ ئەمە راستە و پێویستە وەبەرهێنان لە ژێرخاندا بکەن، لە تەندروستی و پەروەردەدا، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی پەرەپێدانی وڵاتەکە لەسەر ئاستی دوورمەودا. داهاتی نەوت وەك کۆمەکی دەرەکی وایە، بڕە پارەیەکە و وەری دەگریت و کار و ماندوبوونت بۆ نەکردووە، کەپێویستە بۆ چاکەی وڵاتەکە بەکار بهێنرێت، بەڵام زۆرێك لە وڵاتان ئەم کارە ناکەن. بۆ ئەوەی بتوانرێت داهاتی نەوت بۆ بونیادنەوەی ژێرخان بەکار بهێنرێت، سەرەتا تۆ پێویستت بە حکومەتێکە کە بەرپرس بێت لەبەردەم خەڵکدا، ئەگەر دیموکراسیەکی چەشنی دیموکراسیی نەرویجت هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە کارێکی یارمەتیدەرە. ئەوا هەر کارێك بیانەوێت دەتوانن ئەنجامی بدەن. بوونی دیموکراسیەتی راستەقینە و رۆژنامەگەری ئازاد دەبێتەهۆی پەردەلادان لەسەر لایەنە خراپەکاریەکان، ئەگەر رۆژنامەیەکی باشت هەبێت کە پەردە هەڵبداتەوە لەسەر خراپ بەکارهێنانی نەوت، ئەوا ئەمە هۆکارێکی یارمەتیدەر دەبێت. کەواتە بونیادی



سیاسیش گرنگە، هەروەها جۆری سەرکردەش ڕۆڵی خۆی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر سەرکردەیەکت هەبێت پابەند بێت بە بەرەوپێشبردنی وڵاتەوە، ئەوا جیاوازی دروست دەکات، کەواتە تاکە کەسەکانیش دەتوانن هاوکار بن، ئەگەر سەرکردەی باشت هەبێت، ئەوا دەتوانیت بە تێپەڕبوونی کات دامەزراوەکان بنیات بنێیت. دەکرێت حسابێکی تایبەت بکەنەوە کە جیاواز بێت لە داهاتەکانی دیکەی حکومەت و تەرخان بکرێت بۆ هەڵگرتنی داهاتی نەوت.

*** ئایا تاکەی نەوت بەم بایەخەوە دەمێنێتەوە، یان ئایا ئەلتەرناتیفی بۆ دەدۆزرێتەوە؟**

- پێموایە لە ماوەی دوورمەودادا بەدیلی نەوت دەدۆزرێتەوە. بەڵام لەسەر ئاستی ڕەهەندی کورت مەودا نەوت ڕۆڵێکی گرنگ لە وزەی جیهاندا دەبینێت، هیچ گومانێك نییە لەم بارەیەوە، هێشتا ئۆتۆمبێلەکان بە وزەی بەرهەمهاتوو لە نەوتەوە کاردەکەن و هێشتا لە ئاسۆدا تەکنەلۆجیای بەدیل دەرنەکەوتووە، کەواتە بەلای کەمەوە بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو نەوت وەك کاڵایەکی گرنگ دەمێنێتەوە.

*** هەندێك لە پسپۆڕان پێیانوایە نەوت فاکتەرێکی نەرێنیە بۆ دیموکراتی، ئایا تۆ چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی کاتێك ئەو پرسیارە بکەین ئایا لەوڵاتی خاوەن نەوت دیموکراسی بەرهەمدێت؟ من پێموایە مومکینە و من لەم ڕووەوە نائومێد نەبوومە، بە دڵنیاییەوە باوەڕم وایە دەکرێت دیموکراسی بهێنرێتەدی لەم وڵاتانەدا، ئەگەرچی بە داخەوە نموونەی زۆرمان نییە لەم ڕووەوە، بەڵام دەکرێت بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنرێت، مەکسیك تا ڕادەیەك گەشەی کردووە، بەڵام هێشتا ڕێگایەکی دوورودرێژی لەپێشە و مەکسیك نەوتێکی زۆری هەیە، و نەرویجیش نەوتی زۆری هەیە و نەبۆتەهۆی تێکشکاندنی دیموکراسی لەو وڵاتەدا. کەواتە ئەمە مومکینە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق خاوەنی نەریتێکی گەورەی دیموکراسی نین و ئەمەش کێشەیەکی زۆر سەختە... و ئەمە کارێکی ئاسان نییە و ناکرێت لە دەرەوەڕا بسەپێنرێت و ئەمریکا هەوڵیدا لە دەرەوەڕا بیسەپێنێت و سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام هەندێ بەرەوپێشچوون هەیە، تونس هەندێ بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە و دەبێت چاوەڕوانکەیت و ببینین چی لە میسردا ڕوودەدات کە زۆر سەرکەوتوو نەبووە....ڕاستە پرۆسەیەکی ئاسان نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دەکرێت لە مەودای دووردا، ئەو گۆڕانکارییە دیموکراسیانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا جێگیر بن، ئەگەرچی بە داخەوە ڕەنگە پەنجا ساڵی دیکەی پێبچێت. پێموایە لە کۆتاییدا هەر ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی ئەمە خواستی خەڵکە و چیتر نایانەوێت لە سایەی سەدام حوسێن و قەزافی و هەر کەسێکی دیکەی- چەشنی ئەواندا- بژین، کەواتە لە کۆتاییدا مومکینە ئەمە ڕووبدات، بەڵام کاتێکی زۆری دەوێت.

*** ئایا تا چەند نەوت دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی دوو وڵات بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبێت و ببنە شەریکی ستراتیجی یەکتر؟**

- پێموانیە مەسەلەکە پەیوەست بێت تەنها بە نەوتەوە، بەڵکو بازرگانی کارێکی گرنگە، چونکە تاوەکو بازرگانی زیاتر بکەیت، ئەوا ڕەنگە باشتر پێکەوە بسازێیت، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی بازرگانییەکی زۆر لە نێوان ئەمریکا و چیندا هەیە، ئەوا بارگرژییە سەربازییەکە کۆنترۆڵکراوە، لەبەر ئەوەی تۆ ناتەوێت شەڕ لەگەڵ وڵاتێکدا بکەیت کە بازرگانییەکی زۆر هەیە لە نێوانتاندا. کەواتە ئەگەر وڵاتێك نەوتی هەبوو- کە هەرێمی کوردستان نەوتی هەیە- و هەناردەی کرد بۆ وڵاتێکی دیکە و ئەو وڵاتەش لەبەرامبەردا کاڵای دیکەی هەناردەکرد، ئەوا ڕایەڵی ئابووریی زیاتر دروست دەبێت و ئەگەر ڕایەڵی ئابووری زیاتر دروست بوو ڕایەڵی سیاسی زیاتریش دروست دەبێت و ئەمەش پێکەوەسازانێك دروست دەکات، کەواتە بە دڵنیاییەوە دەکرێت نەوت بەشێك بێت لەو هاوکێشەیە، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی چۆن ئیدارەی دەکەیت، ئەگەر تۆ پەرە بە کرانەوە لە بواری بازرگانی و ئەو پرسانەدا بدەیت، ئەوا کارێکی باش دەکەیت، کەواتە باوەڕم وانییە شتێکی تایبەت هەبێت لەبارەی نەوتەوە، بەڵام بە گشتی ئەنجامدانی کاری بازرگانی ئەنجامێکی باشی دەبێت.

**وڵاتگەلێکی زۆر کەم ئیجابیانە داهاتی نەوت بەکاردەهێنن، تا ڕادەیەک ئەندەنوسیا ئیجابیانە بەکاری هێناوە، بەڵام ئەگەر سەیری نەیجیریا و فەنزویلا بکەیت، ئەوا ئەگەرچی خاوەن نەوتن، بەڵام بە باشی گەشەیان نەکردووە**

**بۆ ئەوەی بتوانرێت داهاتی نەوت بۆ بونیادنانەوەی ژێرخان بەکار بهێنرێت، سەرەتا تۆ پێویستت بە حکومەتێکە کە بەرپرس بێت لەبەردەم خەڵکدا**

**ئەگەر ڕایەڵی ئابووریی زیاتر دروست بوو ڕایەڵی سیاسی زیاتریش دروست دەبێت و ئەمەش پێکەوەسازانێک دروست دەکات**

# بەرەو گۆڕینی ریشەیی ستراکچەری ئابووریی هەرێمی کوردستان



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەرێمی کوردستان بەدرێژایی بوونی لە چوارچێوەی دەوڵەتی تازەی عێراقدا کە لە ساڵی ١٩٢٦ بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان پێوەی لکێنراو تا رزگاربوونی لەدەست دیکتاتۆریەت لە ساڵی ١٩٩١ بە هیچ شێوەیەك بایەخی پێنەدرابوو، بەڵکو لە هەموو روویەکەوە پشتگوێ خرابوو، بە تایبەتیش لە بواری ئابووریدا کە ژێرخانەکەی داڕمابوو هاوکات بێکاری و نەبوونی پیشەسازیی نیشتمانی و هەرەسهێنانی کەرتی کشتوکاڵ و سوود وەرنەگرتن لە داهات و سەرچاوە سروشتییەکانی لەوانەش نەوتی خاو باڵی بەسەرداگرتبوو، ئەمە وێڕای لاوازییەکی زۆری پشکیی تاك لە بەرهەمی بەدەستهاتووی خۆماڵی، تەنانەت لەو سەردەمەی کە داهاتی دارایی عێراق لە پەرەسەندندا بوو بە تایبەتیش کە لە حەفتاکاندا نەوتی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو دەفرۆشرا ئەوجا هەرێمیش پشکی تێدا نەبوو، بە پێچەوانەوە رژێمی ئەوسای عێراق لە جیاتی ئەمە، لوولەی تفەنگی دەکردە سنگی گەلی کورد و بە هەزاران دارستان و کێڵگەو گوندی کاول و خاپوور کرد، بۆیە خەباتگێڕان ناچاربوون چەکی شەڕەف بکەنە شانیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەتی فاشی و رەگەزپەرست، کە لە وەڵامدا دەیان قەسابخانەو کوشتار و گۆڕی بەکۆمەڵی دژ بە گەلی کورد هێنایە ئاراوە.

ئەگەر هەرێمی کوردستان لە دەست دیکتاتۆریەتی بەعس لە ساڵی ١٩٩١ رزگاری بوویێت، ئەوا نەیتوانیوە ئەو کاتە لە ناکۆکیی نێوان حزبەکان بەدوور بێت کە بوونە هۆکاری پەکخستنی پەرەسەندنی ئابووری بۆ ماوەی چەند ساڵێك، بۆیە هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی هەر سێ پارێزگا(هەولێر و سلێمانی و دهۆك)ی تا رادەیەك لەیەکدی نزیك کردەوە کە تا ئێستا کەرکوك هەر لەدەرەوەی چوارچێوەی هەرێمدایە، لەو کاتەوە دەستی کرد بە پرۆسەی ئاوەدانی و بیناسازی کە بەمە رووی هەرێمی کوردستان زیاتر گەش و پێشکەوتووتر دەرکەوت، بۆیە ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ سەردانی هەرێمی کردبێت و ئێستاش لە ٢٠١٣ سەردانی بکاتەوە، بە چاوی خۆی ئەو جیاوازییە بەدی دەکات بە تایبەتیش کە دەبینێت ئەو شار و گوندانەی لەو کاتە کاول ببوون ئێستا بە شێوەیەکی دیکە دێنە بەرچاو کە تەنانەت ناناسرێنەوە، کاتێ سەرنج لە پردو تونێڵ و شەقام و باڵاخانەو کۆگا و مۆڵ و باخچەو بازاڕە هاوچەرخەکان دەدات ئەم راستییەی بۆ دەردەکەوێت.

هەولێر بۆتە رازاوەترین پایتەخت، شارەکانی دیکەش وەك سلێمانی و دهۆك ئەوانیش پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە دیوە، بۆیە رێژەیەکی گرنگی داهاتی دارایی نەوت بۆ ئەم بوارانە تەرخانکرا لە کاتێکدا گەلی کوردستان زۆر پێویستی پێی بوو، هەر لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤی کورد لە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی شانازی بکات بەو پێشکەوتن و ئاوەدانییەی شارەکان بەخۆیانەوە دەیبینن.

گەلی کورد هەروەها بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و لە سەرجەم حزبە سیاسییەکانیش دەرك بە چەندین بابەتی گرنگ دەکەن لەوانە:

١- بوونی دەسەڵاتی هەرێم لە دەستی کورد، بووە هۆی ئەو بایەخ و گەشانەوەیە بە پێچەوانەی ئەو پەراوێزخستنەیەی کە هەرێمی گرتبووەوە ئەو کاتەی کە حوکم بەدەستی حکومەتی ناوەندەوە بوو.

٢- بۆ یەکەم جارە داهاتی نەوتی خاو دەخرێتە گەنجینەی هەرێمەوە بۆ ئەوەی لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەکاربهێنرێت.

٣- چەندین کانزا و کەرستە سەرەتاییەکان بێجگە لە نەوت لە ژێر زەویدان بۆیە پێویستە کاری کنەو پشکنینیان بۆ بکرێت تاکو بخرێنە خزمەت گەلی کوردستانەوە.

٤- ئەو نەوتە خاوەی کوردستان زۆر گرنکە بۆیە بە سامانێکی بەردەوام دادەنرێت و پێویستە بۆ ئێستاو داهاتوو و نەوەکانی دواتری گەل بەکاربهێنرێت، لەبەر ئەوە دەبێت لە دانانی ستراتیجییەتی پەرەپێدانی بەردەوامی ئابووری و مرۆیی ئەم راستییە لەبەرچاو بگیرێت.

ئابووریی هەرێمی کوردستان زۆر شێواو و دواکەوتووە هەروەکو ئابووریی عێراق، بۆیە پێویستە سوود لە داهاتی نەوت وەرگیرێت بۆ بووژاندنەوەو پێشکەوتن و گۆڕینی هەیکەلبەندیی ئەم ئابوورییە بەم شێوەیە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و پیشەیی زیاتر دەژییێتەوە، دیارە ئەمەش پێویستی بە پلانێکی هەمەرەهەند هەیە لەوانە ئەو داهاتە سەرەتاییەی دەست دەکەوێت کە بخرێتە خزمەت بەرهەمهێنانی پیشەسازی هاوکات ئاوڕدانەوە لە بواری کشتوکاڵ و بەروبوومەکانیشی بۆ پیشەسازی بەکاربهێنرێن، کە دواتر پەرەپێدانی پیشەسازیی دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بووژاندنەوەی ژێرخان و زیاتر بەدیهێنانی سامان و داهات بۆ گەلی کوردستان.

ئەم تێڕوانینە بەراییەی پەرەپێدانی ئابووری پێویستە بە دیدگاو بۆچوونی ستراتیژیی پەرەپێدانی مرۆییەوە گرێ بدرێت، واتا دەستەبەرکردنی پرۆگرامی پەروەردەیی و پیشەیی و تەکنیکی و هێزی کار بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە گەورانە، ئەویش بە دامەزراندنی بنکەی توێژینەوەی زانستی و پەرەپێدانی پەیمانگاو کۆلیژ و زانکۆ و دامەزراوەکانی راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی کە فاکتەرن بۆ خێراکردنی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

بۆ پتەوکردنی ئەم پرۆسەیەش وا پێویست دەکات وەبەرهێنانی ناوخۆیی حکومی و کەرتی تایبەت و تێکەڵ لەگەڵ وەبەرهێنانی بیانی ببەسترێتەوە، کە دەتوانێت رۆڵێکی گرنك و زیندوو بگێڕێت لە خێراکردنی رەوڕەوەی پەرەسەندنی ئابووری و کەمکردنەوەی ماوەی پێویست بۆ گەشەکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و گۆڕینی ستراکچەری پێکهێنانی داهاتی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان. دیارە پرسی پێکهێنان و دابەشکردن و گێڕانەوەی داهاتی نەتەوەیی گرنگییەکی گەورەی لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بۆیە پێویستە ئەم بابەتە بخرێتە ژێر کاریگەریی یاساکانی ئابوورییەوە، بەڵام دەبێ وریا بین هەڵە بەکار نەیەت، چونکە دواتر کاریگەریی نێگەتیڤ بەدوای خۆیدا دێنێت، هەر لەبەر ئەوەی کە دابەشکردنی عەقڵانیی داهاتی ساڵانەی نەتەوەیی لە نێوان بەکاربردن و کەڵەکەکردن گەشەی ئابووری خێراتر دەکات، بۆیە ئەگەر لە ماوەی یەکەمدا وا پێویستی بکردایە کە پارەو سامان بە ئاراستەی چاککردنی مەرجەکانی ژیانی گشتیی مرۆڤ بەکار بهێنرابایە، وەکو نیشتەجێکردن و شەقام و خزمەتگوزارییەکانی دیکە، ئەوا ماوەیەکی مامناوەند و دووری پێویستە تاکو وەبەرهێنان بخرێتە خزمەت بەرژەوەندیی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانەوە بە ٢٥ تا ٣٠٪ بۆ بەکاربردن، و ٧٠ تا ٧٥٪ بۆ کەڵەکەکردن و بەرهەمی داهاتی نەتەوەیی.

ئەم پرۆسەیە لە هەمان کاتدا وادەخوازێت کە دابەشکردنێکی دروست و عاقڵانەی داهاتی نەتەوەیی ئەنجام بدرێت بەدوو هێمای دیکە کە بریتین لە: کرێ و زێدە بەها (قازانج و سوود)، کە هەر هەڵەیەك و لاسەنگییەك لە نێوانیاندا کاریگەریی دەبێت بۆ سەر بەرهەمهێنان و رەوانیی دراو و جووڵەی بازاڕەکان، بۆیە پێویستە پەیوەندیی رێك بخرێت لەنێوان بەکاربردنی تاکەکەسی و بەکاربردنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش پێی دەگوترێت دابەشکردنی یەکەمی داهاتی نەتەوەیی، لە کاتێکدا دابەشکردنی دووەم پەیوەستە بە دابەشکردن و بەکارهێنانی پشکی بەکاربردنی کۆمەڵایەتی کە دەچێتە کەرتی خزمەتگوزاریی گشتییەوە و میللەت لێی سوودمەند دەبێت.

هەرێمی کوردستان رووبەڕووی ئەرکێکی بنەڕەتی دەبێتەوە کە بریتییە لە راستکردنەوەی زۆر لە پەیوەندییە شێواوە بۆماوەییە ئابوورییەکان بە هۆی شەڕوشۆڕ و ئابڵۆقە و سیاسەتی دوژمنکارانەوە کە حکومەتی ناوەند لە سەرتاسەری عێراق هێنابوویە کایەوە. ئەمەش وا دەخوازێت کە دابەشکردنی بەشێکی ئەم داهاتە نەتەوەییە وەك پارە نەدرێتە تاکەکانی کۆمەڵ، چونکە ئەمە هەروەکو لە وڵاتانی دیکەش روویداوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە وەکو هۆڵەندا لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا یان قەزافی کە هەوڵی دا لایەنگیریی میللەت بۆ خۆی بکرێت، بەڵام بینیمان کە وڵاتی کاول کرد و کارەساتی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵکو پێویستە سامان و داهاتی نەوت بخرێتە خزمەت پەرەپێدانی ژێرخان و تازەکردنەوەی لە لایەك و، ئاراستەکردنی رێژەیەکی بەرچاو لە داهاتی نەوت بۆ وەبەرهێنان و پەرەسەندنی پیشەسازی و کشتوکاڵی و پەرەپێدانی مرۆیی لەلایەکی دیکەوە، دواجار ئەم پرۆسەیە چەندین ئەنجامی پۆزەتیڤی لێ دەکەوێتەوە:

١- بەدیهێنانی پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایە کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیی و زیادبوونی سامانی نیشتمانی و زیادکردنی تێکڕایی گەشەی ئابووری.

٢- دابینکردنی زیادەی داخوازی لەسەر هێزی کار کە بێکارەو بەمەش رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاریی داپۆشراو لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی خزمەتگوزاریەکاندا.

٣- دابین کردنی بنکەیەکی ماددیی پیشەسازی و کشتوکاڵی کە بەشداربێت لە بەرهەمهێنانی داهاتی نەتەوەیی و زیادکردنی سامانی نیشتمانی و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان.

٤- پێویستیبوون بە هاوردەکردنی شتومەك و کاڵا کەم دەکاتەوە، هەروەها سامانی دارایی نەوت کە بۆهاوردەکردن تەرخانکراوە، کەم دەبێتەوە.

٥- ئاساییشی ئابووریی لە هەلومەرجی ئێستای وڵات زیاتر مسۆگەر دەکات.

٦- کاریگەریی دەبێت بۆ چاککردنی ئاستی گوزەرانی تاکەکان لە میانی ئەو پرۆژانەی لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵدا جێبەجێ دەکرێن.

٧- ئەو بارودۆخە هەروا نامێنێتەوە بەڵکو لە ئاییندەدا پەرەپێدانی ئابووری لەسەر هەموو ئاستەکاندا دێتەدی و بازاڕ و بازرگانی دەبووژێتەوەو وەبەرهێنان گەشە دەکات.

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان رووبەڕووی چەندین پرس و کێشە دەبێتەوە:

- دانانی پلانێکی پێنج ساڵەی ئابووری و مرۆیی کە لە نێو پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت بە بەشداریی میللەت و حزب و سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

- بەشداری پێکردنی زیاتری گەل لە پاراستنی دەستکەوتەکان ئەمەش بە بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان ئازادیی تاکەکەسی و ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمدا.

- بەشداری پێکردنی گەل لە چاودێریی ئابووری و دارایی کە هۆکارە بۆ بەرەورووبوونەوەی گەندەڵی بە هەموو شێوەکانیەوە.

**هەولێر بۆتە رازاوەترین پایتەخت، شارەکانی دیکەش وەک سلێمانی و دهۆک ئەوانیش پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە دیوە، بۆیە رێژەیەکی گرنگی داهاتی دارایی نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوە تەرخانکرا**

**کوردستان رووبەڕووی ئەرکێکی بنەڕەتی دەبێتەوە کە بریتییە لە راستکردنەوەی زۆر لە پەیوەندییە بۆماوەییە ئابوورییەکان بە هۆی شەڕوشۆڕ و سیاسەتی دوژمنکارانەوە کە حکومەتی ناوەند لە سەرتاسەری عێراق هێنابوویە کایەوە**

**پێویستە داهاتی نەوت بخرێتە خزمەت پەرەپێدانی ژێرخان و ئاراستەکردنی رێژەیەکی بەرچاویش بۆ وەبەرهێنان و پەرەسەندنی پیشەسازی و کشتوکاڵی و پەرەپێدانی مرۆیی**

# ئەرکی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان و تەحەدییە نوێیەکان

# پتەوکردنی دیموکراتیەت



د. شێرزاد نەجار

-١-

ئەو پێناسـەیەی بۆ پارتە سیاسـیەکان دانراوەو لەسـەر ئاسـتێکی فراوان زۆرترین ڕەواجی پێدرابێت، گرێبەندە بەو ئەرك و ڕۆڵەی پارتـەکان خۆیانەوە کە لە ناو کۆمەڵگەو دەوڵەتـدا دەیگێڕن، بەلای کاتاریللـۆی توێژەرەوە پێوەری سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی پارتی سیاسی ئەوەیە کە هەر پارتێك بەرنامەیەکی حکومەتی بۆ کۆمەڵگە لە هەگبەدا بێـت، تایبەت بە نوێنەرایەتیەکی ڕوون بۆ بەرژەوەندییەکی دیاریکراوو گەیشـتنی بە دەسەڵات لە ڕێی هەڵبژاردنەوە، بە ڕای پرۆفیسـۆری ئەمریکایی بەناوبانگ (سارتۆری) پارتی سیاسی بریتیە لە((گرووپێکی سیاسی کە لە توانایدا هەبێت دەرکەوتنی خۆی لـە میانەی ماوەی هەڵبژاردندا ئاشکرابکات، لە تواناشـیدا دەبێت پاڵێوراوان بۆ وەزیفەکان تەرخان بکات))

ئەزموونەکانی سەدەی بیستەم جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی پارتە سیاسـیەکان ڕۆڵێکی کارایان گێڕاوە لە پرۆسەکانی دیموکراسی و دیکتاتۆرییەتدا، هەروەها ئەرکیان لە پرۆسەی دیموکراتیدا ئەوەیـە ئامرازێك بن بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشـایی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان، بەو شێوەیە ئەرکی بنەڕەتییان لە دروستکردنی ڕای گشتیدا کۆدەبێتەوە، هەریەك لە(دوفیرجیە)ی پرۆفیسۆری فەرەنسیو (کیرش مایر)ی پرۆفیسۆری ئەڵمانیایی ئەرکی پارتە سیاسییەکانیان دیاری کردووە بەتوندوتۆڵکردنی پێوەندی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی ودەوڵەت، جەختیشـیان کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە پێگەوە گرێدانی پارتە سیاسـییەکان بە سیستمی سیاسی جۆرێك لە دیالۆگ و ململانێ لەسـەر بەرژەوەندییەکان دروسـت دەکات و گوزارشت لەسەر بەهاکانی گرێدانەوەی کۆمەڵگا بە دەوڵەتەوە دەکاتەوە. لەدیموکراسیەتە ئازادەکاندا کێبرکێی حزبییانەی پارتە سیاسـییەکان، زنجیرەیەك ڕۆڵیان بۆ پێك دەهێنێت کە پێویستە پێوەی پابەند بن بەتایبەت ڕۆڵیان لەناو کۆمەڵگای مەدەنی و هاووڵاتیبـوون و دەوڵەت دارێتیدا، هەروەها (برافۆ)ی توێژەر بەنموونە ئاماژەی داوە بەم ڕۆڵەو پێی وایـە نوێنەرایەتیکردنی ململانـێ کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە شـتێکی حەتمییە (باول)ی پرۆفیسۆری ئەمریکایش جەخت لەسەر چوار ئەرکی پارتە سیاسییەکان دەکاتەوە:

١- گوزارشـتێك بـۆ بەدامودەزگایکردنـی تاکـەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایی.

٢- کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان.

٣- گوزارشت لە پێداویستیەکاندا وەکو ئەلتەرناتیڤێك لەسەر ئاستی سیاسەتی گشتی و سیاسەتی دامەزراندن.

٤- پێگەیاندنی سیاسی.

فلیب شـیمیتەری پرۆفیسـۆر بەمشـێوەیە لەسەر پارتە سیاسـییەکان دەدوێـت:( ناوەنـدکارن بـۆ پتەوکردنـی دیموکراتیەتی نوێ، جەختیش دەکاتەوە لەسەر سێ جۆری

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

میانکاریی: پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆڵێکی گرنگ لە پتەوکردنی دیموکراتیەتی تازەدا دەگێڕن، بەڵام هیچ شتێك بەناوی زانراوەوە نەماوە، هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە پارتە سیاسییەکان بەتەنیا پێویستە تایبەتمەندێتی خۆیان هەبێت لەمبارەیەوە.

-٢-

بەشێوەی گشتی لەکاتی لێکۆڵینەوەکردن لەسەر پارتی سیاسی زیاتریش جەخت دەکرێتەوە لەسەر فەلسەفەو بەرنامەو ڕێکخستن و تواناو لێهاتوویی ئەو پارتانە، هەروەها باس لەمەسەلەی ئەهلیەتی کاندیدەکان دەکرێت و گرفتەکانی گەندەڵیش تاوتوێ دەکرێن، گفتوگۆکردن لەم بارەیەوە لەلای هەندێك لەتوێژەران گەیشتۆتە ئەو ئاستەی وتەزای هەڵوەشانەوەی پارتی سیاسی بهێننە ئاراوە. کاتێك لەسەر پارتەکانی ناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی وەکو ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتین دەدوێن، خاڵی گفتوگۆ رایان دەکێشێت بۆ نەمانی متمانە بەو پارتانەوە، لەم چوارچێوەیەدا پارتەکان نەیانتوانیوە گرفتەکان چارەسەر بکەن یا لەهەوڵی دیموکراتیکردنی ژیانی سیاسی بەردەوام بن، هەروەها نەیانتوانیوە دینگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتەواوەتی بچەسپێنن ئەمەش بوارێکی فراوانی خستۆتە بەردەم فەزای گشتی تا گوزارشت لە راو بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان بکرێت، بەتایبەت باسکردنی ئەو بەربەستانەی کە دێنە بەردەم پرۆسەی بەدامەزراوەیی کردن و ئەو ئەرکانەی لە پێش دەوڵەت و کۆمەڵگادا هەن، لەتوێژینەوە کردندا لەسەر ئەم بابەتانە گرنگە ئاوڕ لەهەندێك خاڵی سەرەکی بدەینەوە کە لێرەدا روونیان دەکەینەوە.

-٣-

## پلەو ئاستی نوێکردنەوە

لەناوەندی سەدەی بیستەمەوە زاناکانی بواری سیاسەت بەنموونە کەسانی وەك( شیلز، ئەبتەر، هنتنگتن، ئەلمون، فیلبا ) لەسەر بابەتی مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگە تەقلیدییە دواکەوتووەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتین دەدوێت، هەروەها گرنگی پێدەدەن وەکو دیاردەیەکی سیاسی نوێ، لەم لێکۆڵینەوانەدا تیشك خراوەتە سەر ڕۆڵی حزبی سیاسی لە پرۆسەی مۆدێرنیزمەدا لەو بوارەدا پرۆفیسۆر ئابتر گەشبینە لەسەر ئەوەی پارتی سیاسی دەتوانێت ڕۆڵی بنەڕەتی بگێڕێت بەحوکمی ئەوەی باشترین پێگەیەکە بۆ بەدامودەزگایکردنی ئەکتیڤ و کارا لەگۆڕانکاریی ئەو بەستەڵەکەی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی تێکەوتووە. ئەمەش کارێکە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەستی هاووڵاتیبوون لە ڕێگای بەشداریکردنی سیاسی، لەهەمان کاتدا پارتی سیاسی ڕۆڵی ڕێکخەرێك دەبینێت بۆ پێکهێنانی بیری نوێ و دروستکردنی تۆڕی پێوەندی تا ئەو بیرانە بڵاو بکاتەوە ئەم پرۆسە مۆدێرنیزمەیەش دەبێتە هۆی لەقاندنی پەیکەربەندی کۆمەڵگای تەقلیدی بەهۆی دابەشکردن و گرفتەکانی کە بەهۆی بەها تازەکانەوە دێنە پێشەوە هەروەها بوارێك لەبەرامبەر جەماوەری بەشداربوو لەناو ژیانی سیاسی دەکاتەوە لەو گرفتانەش:

١- دەرکەوتنی ناسنامەو لایەنگری نوێ بە واتای دەرکەوتنی کۆئاگامەندی لەسەر ئاستەکانی کۆمەڵگا.

٢- دەرکەوتنی دیاردەی توندوتیژی کە وابەستەیە بە بڵاوبوونەوەی هەژاری و نادادپەروەریی و بەهای دادوەریی.

٣- دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵکاریی پەیوەست بە پرۆسەی مۆدێرنیزەی خێرا و خولقاندنی سەرچاوەی نوێ بۆ دەوڵەمەندبوون.

٤- بەرین کردنی کەلێن لەنێوان شارو لادێ.

لەبەرامبەر ئەم گرفتانەدا ڕۆڵی مۆدێرنیزمێتی پارتی سیاسی لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، دەکرێت لەسەر ئەم سێ ئاستە هەڵچنرابێت:

١- پێگەیاندنی سیاسی ٢- بەشداربوونی سیاسی ٣- شەرعیەتی سیاسی .

ئەم سێ ئاستە دەکرێت بهێنرێتە دی ئەگەر بێتوو بەرنامەو سیاسەتی داڕێژراو هەبێت لە پێناوی دەستدانە پرۆسەیەکی قورسی وەك پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای دواکەوتووی تەقلیدی.

-٤-

## هەڵبژاردن

لەو وڵاتە دواکەوتووانەی کە هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام دەدرێ، حزبی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە مەسەلەی کاندیدەکان زیاتر لە نیشاندان و شرۆڤە کردنی بەرنامەی حزب، لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی فاکتەری هێزی دارایی حزب دەرکەوت (بەتایبەتی حزبی دەسەڵاتدار) وەك توخمێکی گرنگ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کاریگەری بەسەر ئەنجامەکانەوە، لێرە هەندێك لە تۆژەران باس لە گواستنەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی تەقلیدی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لە جۆرێکی نوێ کە پێی دەڵێن «سیاسەتی ڤیدیۆ»، لەم بارەیەوە تۆژەری نەمساوی (بلاسر) جەخت دەکاتەوە کە لە ١٦ وڵاتی ئەمریکای لاتینی حزبە سیاسییەکان کاتیان هەیە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لە تەلەفزیۆن بەخۆڕایی و لە چیلی و بەرازیل بەخشینی پارە لە بەرامبەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بەپێی یاسا قەدەغەیە، هەر لەم چوارچێوەیەدا هەمان تۆژەر باس لەوە دەکات کە حزبە سیاسییەکان لە وڵاتە دواکەوتووەکان پەنا بۆ شارەزایانی بیانی دەبەن بۆ دانانی سیاسەت و پلانی تایبەت بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەمەش بێگومان کاریگەرییەکی ئاشکرای دەبێت لە ستراتیژیەتی ئەمانە و ناوەڕۆکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دواتریش لەسەر هەموو چالاکی حزب و جووڵانەوەکانی (ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەجروبەی ئەمریکی نییە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە ڕووی ژمارەی ئەندامان

**لە وڵاتە دواکەوتووەکان بوونی ئاراستەیەکی دژ بە حوکمی حزبەکان هەیە، هەروەها دیاردەیەکی دیکەش هەیە لەو وڵاتانە پێوەندی بەوەوە هەیە کە سەرۆکی دەوڵەت زۆرینەی پەرلەمانی نییە**

**کەمی ئاستی دیموکراسی ناو حزب دیاردەیەکی گشتیی هەموو حزبەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانەو بەدەستییەوە دەناڵێنن، تۆژەران ئەم دیاردەیە بۆ کەلتووری سەنترالیزم و دەسەڵاتخوازی دەگەڕێننەوە کە کەلتووری سیاسی ئەم کۆمەڵگایانە پێی ناسراون**



هەردوو حزبی کۆماری و دیموکرات، چونکە تەنیا ڕۆڵێکی لاوەکییان هەیە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن).

بەرای زۆربەی تۆژەران (لەوانەش تۆژەر کۆبدیك) ڕەنگدانەوەی سیاسەتی نوێکردنەوە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن تەنیا لە بوارەکانی دیکەی حزبیدا دەردەکەوێت وەك( بەخشینی ئابوونە و بەشداری کردن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن).

٥- پلە و ئاستی دیموکراتیەتی ناوخۆی حزب

کەمی ئاستی دیموکراسی ناو حزب دیاردەیەکی گشتیی هەموو حزبەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانەو بەدەستییەوە دەناڵێنن، تۆژەران ئەم دیاردەیە بۆ کەلتووری سەنترالیزم و دەسەڵاتخوازی دەگەڕێننەوە کە کەلتووری سیاسی ئەم کۆمەڵگایانە پێی ناسراون.

لە زۆربەی ئەم کۆمەڵگایانەدا( جگە لە چەند هەوڵێکی نامەرکەزی لە حزبە سیاسییەکانی فەنزویلا، کۆلۆمبیا، پیر، پۆلیڤیا) ئەوا حزبە سیاسییەکان بەپێی سیستمێك بەڕێوە دەچن کە دەسەڵاتی فراوان دەدات لە راپۆرتەکانی حزب بۆ سەرکردایەتی حزب بەتایبەتی بۆ سەرکردەی حزب و کۆنگرەکانی حزب زۆر بە دەگمەن دەبن بەو دەرفەت و مەودایەی کە پێویستە بۆ دەرکردنی بڕیار و پەسەند کردنی سیاسەتەکان ( ئەمەش بە ڕوونی لە کاندید کردن بۆ وەزیفە گشتییەکان ڕەنگ دەداتەوە)، کەواتە ئاستی پەرەسەندنی دیموکراسیەت لەناو حزبدا لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بەدەست نارێکی دەناڵێنیت و زۆر بە هێواشی گەشە دەکات و دوورە لە شەفافیەت.

لێرەوە دەپرسین ئایا حزبە سیاسییەکان وەك (سەرچاوەی بڕیار) یان لێهاتووە لە سیستمە سیاسییەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان؟ و ئایا سیستمی حزبی لەو وڵاتانە جێگیرە؟

زۆربەی ئەو وڵاتانە بەرەو مەرکەزیەتی بڕیار هەنگاو دەنێن لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا حزبی دەسەڵاتدار سەرچاوەی بڕیارەکانە و سیاسەتەکان پەسەند دەکات و پەرلەمان لەو وڵاتانە تەنیا دەبێتە شوێنی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیروڕا (تەنانەت هەندێك لەو حزبانە هێزی دەسەڵاتیان بەسەر ئەندامەکانی خۆیشیانەوە نامێنێت) بەمەش ڕۆڵیان لاوەکی دەبێت بە بەراورد لەگەڵ مەرکەز و دەسەڵات و هێزی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

ئەم بارودۆخە وامان لێدەکات بە دوای هەیکەلیەت و بە موئەسەساتیی کردنی حزبە سیاسییەکان و سەقامگیریاندا بگەڕێین، لە زۆربەی توێژینەوەکاندا ئاماژە بە دیاردەی نەبوونی سەقامگیری لە سیستمی حزبی سیاسی لە وڵاتە دواکەوتووەکان کراوە لە ڕەفتاری هەڵبژاردن و ڕێژەی ئەم هەڵبەزە و دابەزە گەیشتۆتە زیاتر لە ٢٠٪ تەنیا لە ماوەی نێوان ١٩٧٨-١٩٩٦، لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا بۆ نموونە ئەم ڕێژەیە لە ماوەی ١٠٠ ساڵدا لە ١٨٨٥-١٩٨٥ لە ١٥٪ تێپەڕی نەکردووە.

**حزبە سیاسییەکان ئەرک دەکێشن بەرەو دانانی بەرنامەی دوارۆژ لە هەڵبژاردنی کەسە پاڵێوراوەکان، بەڵام کاریگەرییان نییە لە دەرکردنی بڕیار، واتە کاریگەری نییە لەسەر ڕەوڕەوەی دەرکردنی بڕیار کە هەر یەکە لە جێبەجێکارەکانی ئەم حزبانە و چینە بەهێزەکانی تری کۆمەڵگا تێیدا بەشدارن**

وڵاتە دواکەوتووەکان کە بە (پرۆسەی بە دیموکراتی بوون و وەرچەرخانی دیموکراتی)، خاوەن سیستمێکی حزبی ناجێگیرن تا رادەیەکی زۆر ( لە گواتیمالا و پیرۆ لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراسی بوون ١٩٨٠-١٩٨٣ گۆڕانکارییە حزبیەکان لە پەرلەمان نزیکەی ١٠٠٪ بوون) تەنانەت لەو وڵاتانەش کە سیستمی حزبییان جێگیرە و گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمن، ئەوا نیشانەکانی درز بوون و پارچە بوون هەیە.

حاڵەتی ناسەقامگیری لە سیستمی حزبی ئاماژە نییە بۆ پێویستی تەنازول نەکردن لە بوونی حزبەکان وەك بەشێکی سەرەکی لە دیموکراسیەت، بەڵکو ئاماژەیە بۆ بەرپرسیار نەبوونیان لەو بارودۆخە بە تەنیا، ئەم بەرپرسیاریەتییە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و ئەنجامەکانی کەلتووری سیاسی.



ئەوەی تێبینی دەکرێت لە وڵاتە دواکەوتووەکان بوونی ئاراستەیەکی دژ بە حوکمی حزبەکان هەیە، هەروەها دیاردەیەکی دیکەش هەیە لەو وڵاتانە پێوەندی بەوەوە هەیە کە سەرۆکی دەوڵەت زۆرینەی پەرلەمانی نییە (وڵاتانی وەك: مەکسیك، بەرازیل، پیرۆ، سلڤادۆر...) بەشێوەیەکی گشتی چەند ئاماژەیەك هەیە بەرەو نا سەقامگیری لە سیستمی حزبیدا، بەڵام نا سەقامگیری لەم سیستمە بە یەکێك لە نیشانەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان دەمینێتەوە و بەشێوەیەکی روون کاریگەری لەسەر حاڵەتی دیموکراسی دەبێت، چونکە دەبێتە توخمێکی رێگر لەبەردەمی، کەواتە چۆن دەتوانین پێوانەی گۆڕانکارییەکان بکەین لەو کۆمەڵگایانەدا؟

بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەیەك هەیە بەرەو نوێگەرایی (تەنانەت لەنێو حزبە سیاسییەکانیشدا)، بەڵام ئاراستەیەکە تەنیا لەسەر هەڵبژاردنەکان ورد دەبێتەوە ئەمیش بۆ گەیشتن یان مانەوە لە دەسەڵات.

پێشکەوتنێك لە پرۆسەی هەڵبژاردن و کاندیدەکاندا هەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر سروشتی دەسەڵاتخوازی سەنترالیزم بۆ دەرکردنی بڕیارەکان.

حزبە سیاسییەکان ئەرك دەکێشن بەرەو دانانی بەرنامەی دوارۆژ لە هەڵبژاردنی کەسە پاڵێوراوەکان، بەڵام کاریگەرییان نییە لە دەرکردنی بڕیار، واتە کاریگەری نییە لەسەر رەوڕەوەی دەرکردنی بڕیار کە هەر یەکە لە جێبەجێکارەکانی ئەم حزبانە و چینە بەهێزەکانی تری کۆمەڵگا تێیدا بەشدارن.

کەواتە چارەسەر چییە لە مەسەلەی چالاکیی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان لە بە دیموکراسی کردنی حزب و کۆمەڵگا.

پرۆسەی بە دیموکراسی کردن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە ئامڕاز هەیە بۆ هێنانە دیی و حزبی سیاسیش یەکێکە لەو ئامڕازانە.

ئەم پرۆسەیە بەستراوە بە پرۆسەیەکی تر ئەویش پرۆسەی «پەروەردەی سیاسی» کە مەبەست لێی ئامادە کردنی هاووڵاتی باشی گوێرایەڵ بۆ یاساکان و بەشداری کاریگەری لە پرۆسەی سیاسی.

لەم چوارچێوەیەدا حزبی سیاسی دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی ببینێت لە ڕێگای:

- پەرەسەندنی پرۆسەی بە دیموکراسی بوون لەناوخۆی حزبدا.
- چاکسازی کردن لە سیستمی هەڵبژاردنی حزبی بۆ کەم کردنەوەی لایەنە سلبییەکانی پرۆسەی نا مەرکەزی لە حزب (کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کوتلەکاری و هاوپەیمانی لە نێو حزب) و لە کاریگەرییەکانی سیاسەتی ناوخۆی حزبە لەسەر سیاسەتی نیشتیمانی.
- دەستپێکردنی بەرنامەی دوارۆژی واقعی بۆ پەرەسەندنی ئاستی رۆشنبیری و فکری ئەندامان ( و هاووڵاتیان لەکاتی وەرگرتنی دەسەڵات) کە دەبێتە هۆی قووڵ کردنی ئاستی وەرگرتن لەلای هاووڵاتیان دەربارەی ئەوەی کە بنەمایە لە گۆڕانکاریەکان لە دەسەڵات و هەر ئەویشە بڕیار دەدات دەربارەی چۆنیەتی ئاراستە کردن بەرەو نوێگەرایی.
- بڕوای پتەو بە توانای دەستاودەست کردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات بە هێنانەدیی گۆڕانکاری پێویست لە ژێرخان و هەیکەلییەتی کۆنی کۆمەڵگای تەقلیدی دواکەوتوو و نەگونجاو لەگەڵ رۆحی سەردەم.

**چاکسازی کردن لە سیستمی هەڵبژاردنی حزبی بۆ کەم کردنەوەی لایەنە سلبییەکانی پرۆسەی نا مەرکەزی (دەبێتە هۆی دروستبوونی کوتلەکاری و هاوپەیمانی لە نێو حزب) و لە کاریگەرییەکانی سیاسەتی ناوخۆی حزبە لەسەر سیاسەتی نیشتیمانی**

## پرۆفیسۆر فالح عەبدولجەبار بۆ گوڵان:

# پێویستە دەوڵەت بەپێی یاساو رێساکان بەڕێوە بچێت ئێستا لە عیراقدا ئەمە نییە .. بۆیە ئێمە دەوڵەتمان نییە

**باروdۆخی ئیستای عێراق لەو پەڕی خراپیدایە، کێشەکە هەر تەنها نەبوونی سەقامگیری و ئەو تەقینەوانە نین کە رۆژانە لە عیراقدا روودەدەن، بەڵکو کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەت ئیفلیج بوون و رۆژ لەدوای رۆژ هاووڵاتیان زیاتر بەدەست ئەو باروdۆخە پرنەهامەتییەوە ئازار دەچێژن، پرۆفیسۆر فالح عەبدولجەبار لەم وتووێژەی لەگەڵ گوڵاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەگەر وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ سەیری عێراق بکەین، ئەوا هەست دەکەین ئەم وڵاتە بنەمای دەوڵەتی تێدا نییە، لەمەش خراپتر ئەوەیە نە حکومەت کاری خۆی بە باشی دەکات و نەپەرلەمان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رەوشەی ئێستا لە عێراقدا بوونی هەیە، پرۆفیسۆر فالح عەبدولجەبار بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

***خوێندنەوەت بۆ باروdۆخی ئێستای عیراق بەدەر لە پەیوەندیی نێوان ئەمریکاو عیراق ئایا پێتوایە رەوشەکە روو لە چاکبوون و پێشکەوتنە لە رووی ئاساییش و خزمەتگوزاریی و مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیاندا؟**

- من پێموا نییە رەوشەکە بەو شێوەیە چاك ببێت، ئێمە نابێ سەیری کەسایەتییەکان بکەین، بەقەد ئەوەی پێویستە بڕوانینە پەیوەندیی نێوان وەزارەتەکان و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری دواتر پەیوەندیی ئەوانە هەموویان بە خەڵکەکەوە، ئەگەر سەرنج بدەیت ئەنجومەنی وەزیران بریتییە لە چەند کەسێك واتا ئیئتلافی نییە بەڵکو زیاتر لەوە دەچێت کە هەر حزب و لایەنێکی نێو ئەم ئەنجومەنە بۆ بەرژەوەندیی خۆی کار دەکات سەبارەت بە پەرلەمانیش کە سەرچاوەی دەرکردنی یاساکانە، هەروەها ئەرکێکی دیکەی بریتییە لە چاودێریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، بەڵام ئەوەی دەیبینین بێتوانایی ئەم پەرلەمانەیە لە بانگهێشتن کردنی سەرۆك وەزیران یان وەزیر بۆ لێپێچینەوە لەسەر هەڵەکانیان، بۆیە دەبینین بەڕێوەبردنی وڵات بۆتە کارێکی تاکڕەویی و بێسەروبەری و لێنەپرسینەوە یان کارکردن بە میزاج هەر بۆیە



جۆرە هەستەوەرییەك لە نێوان پەرلەمان و حكومەت هاتۆتە ئاراوە كە بریتییە لە رق و كینە بەرامبەر یەكتر، ئەوەی دەیزانین ئەوەیە كە كاروباری دەوڵەت پێویستە بەپێی یاساو رێساكان بەرێوە بچێت، بەڵام ئەمە لە عیراقی ئێستادا بەدیَ ناكریَ بۆیە ئێمە دەوڵەتمان نییە.

*** باشە كەواتە ئێمە چۆن دەتوانین دەوڵەتێكی نموونەیی دروست بكەین؟**

- خۆی دەوڵەتی نموونەیی نییە، بەڵكو من پێموایە چاككردنی ئەم بارودۆخەی دەوڵەت لەوەدایە كە هەڵبژاردنەكانی داهاتووی پەرلەمان بە پاكی و بێگەردی ئەنجام بدرێت و ئەو پەرلەمانەی كە هەڵدەبژێردرێت بتوانێت هەڵەكانی پێشوو دووبارە نەكاتەوەو كاری خۆی ئازایانە ئەنجام بدات، چونكە هەروەكو بینیمان لە پەرلەمانی ئێستادا سەرۆك كۆمار و سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی پەرلەمان لەیەك دانیشتندا هەڵبژێردران، بەڵام وەزیرەكان هەڵنەبژێردران،بۆیە دەسەڵاتیان دایە سەرۆك وەزیران، من نەمدیوە لە هیچ وڵاتێكی دنیا سەرۆك وەزیران وەزیری بەرگری و ناوخۆو سەرۆكی دەزگای ئەمنی بێت!چونكە ئەوە پەیوەندیی نییە بەو كەسەوە چاك بێت یان خراپ لەو حاڵەتەدا بەرپرسیارێتی و چاودێری بەسەر حكومەت ون دەبێت، بۆیە بە ملیاران دۆلار دیار نامێنێت،لە جاری پێشوو نزیكەی ٧ ملیار دۆلار لە بودجە كەس نەیزانی چی لێهات و دواتر بەدواداچوونی بۆ نەكرا، لە كاتێكدا ٢٠٪ی خەڵكی عیراق لە ژێر هێڵی سفردا دەژین.

*** ئەوەیان لە رووی بارودۆخە گشتییەكە، ئەی سەبارەت بە ناسنامەی هاووڵاتیبوون كە لە ئێستادا لە عیراق لەبەر دیاردەی تایفەگەریی نەماوە، چۆن دەتوانین ئەو ناسنامەیە بگێڕینەوە؟**

- تایفەگەریی دەردێكی كوشندەیە و هەروا بە ئاسانی كۆتایی نایەت و پێویستی بەكاتە لەبەر ئەوەی رەگوڕیشەی داكوتاوە، بەڵام سەرباری ئەمەش دەبینین كە بە دەیان رێكخراوی كومەڵگەی مەدەنی هەن دێنە قسەو خۆپیشاندان سازدەكەن كە ئەوانە سەر بە شیعە یان سوننە نین بەڵكو داوای خزمەتگوزاریی دەكەن لە ئاوو كارەبا و شتی دیكە، هەروەها بۆ راگرتنی مووچەی خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان،بەڵام ئەو ململانێیە تایفییە لە شتی دیكەی سیاسیدا دەبێت وەكو دەستگیركراوو زیندانیان یان یاسای ریشەكێشكردنی بەعس،هەر بۆیە رەنگە بە هۆی ئەو بزووتنەوە مەدەنییانە كە ئێستا لە گۆڕەپانەكەن لە داهاتوودا كەمتر بێتەوە، بەڵام ئەو ململانێیانە لە نێوان ئایینزاكاندا نین بەڵكو لە سەر بەرژەوەندییەكانە، بەتایبەتیش لە سوود وەرگرتنیان لە ملیاران دۆلاری نەوت،هەروەها كاركردنیان بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و هەڵبژاردنەكان،هەر لەم رووەوە خەڵكەكە لەم پرۆسانە بێزارن بە تایبەتیش كە لە هەڵبژاردنەكانی ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠١٠ ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتەدەست نەیانتوانی بەو شێوەیە خزمەتی وڵات بكەن كە هاووڵاتی هەست بە ناسنامەو بوونی خۆی بكات وەك هاووڵاتییەك لەم نیشتمانەدا،لەگەڵ بوونی تایفەگەریی لە عیراقدا، بەڵام تێبینی ئەوە دەكریَ كە هەڵمەتێك لە ئارادایە دژی تایفەگەریی كە چەندین چالاكی لەم رووەوە ئەنجامداوە.

*** لە رووی ئیدارییەوە پێتوانییە ویست و ئیرادەیەكی راستەقینە هەیە و ئینتیما بۆ ئەم وڵاتە لە ئارادایە، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵە دەبینین گرفت و كێشە لە دادگاو خزمەتگوزارییەكان سەری هەڵداوە،ئەمە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- ئەمەیان پەیوەندیی هەیە بە مەسەلەی گەندەڵییەوە، بۆ نموونە پارێزگاری موسڵ یان نەجەف كاتێك دێت پارە خەرج دەكات لەسەر بنەمای تایفەگەری و ئایینزاییەوە لەقەڵەم دەدرێت كە ماڵ و سامانی خەڵكەكەیە، ئەو بەرپرسە دێت بەپێی ئەوەی پێی گوتراوە یان بە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی دەزانێت ئەم پارەیە خەرج دەكات، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێدا دەوڵەتمان نییە، چونكە سیستەمی چاودێریی دارایی بوونی نییە،ئەگەر هەشبێت ئەو دەسەڵاتە رەهایەی نییە لێپێچینەوە لە گەندەڵكاران بكات.

*** دەبینین زۆر لە بەرپرسان دەچنە بەیروت،ئەوانە بۆچ دێن؟**

**ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بریتییە لە چەند كەسێك واتا ئیئتلافی نییە بەڵكو زیاتر لەوە دەچێت كە هەر حزب و لایەنێكی نێو ئەم ئەنجومەنە بۆ بەرژەوەندیی خۆی كاردەكات**

**بەڕێوەبردنی وڵات بۆتە كارێكی تاكڕەوی و بێسەروبەری و لێنەپرسینەوە یان كاركردن بە میزاج هەر بۆیە جۆرە هەستەوەرییەک لە نێوان پەرلەمان و حكومەت هاتۆتە ئاراوە كە بریتییە لە رق و كینە بەرامبەر یەكتر**

**چارەسەری تیرۆریش سیاسی و ئابوورییە نەك ئەمنی، حکومەتی عیراقیش شکستی هێناوە لە مامەڵەکردن لە دۆسێی ئەمن، هەروەها دژایەتی ناوچە سوننییەکان و سەرکردەکانی کورد و تەنانەت خودی شیعەکانیش دەکات**

**تایفەگەریی دەردێکی کوشندەیە و هەروا بە ئاسانی کۆتایی نایەت و پێویستی بەکاتە لەبەر ئەوەی رەگوڕیشەی داکوتاوە، بەڵام سەرباری ئەمەش دەبینین کە بە دەیان رێکخراوی کومەڵگەی مەدەنی هەن دێنە قسەو خۆپیشاندان سازدەکەن**

- ئەوانە سەردانی لوبنان دەکەن بە مەبەستی ئیمزاکردنی گرێبەستی خەیاڵی و نا دروست،پاشان ئەوەی شارەزا بێت دەزانێت کە گرێبەست رێساو یاسای خۆی هەیە، کە بریتییە لە هێنانی سێ یان چوار دەرخستە ئینجا لەلایەن لیژنەی تایبەتییەوە سەیر دەکرێت و بریار لەسەر دروستی و نادروستیی دەدرێت،ناکرێ گرێبەست لەگەڵ خزم و دۆست و کەسە نزیکەکاندا بکرێت تا ئێستا نەمانبینیوە پرۆژەیەك ئەنجام بدرێت،هیچ شەقامێك یان قوتابخانەیەك یان باڵاخانەیەك دروست بکرێت پارەو سامان بەهەدەردەبرێت و دەدزرێت و کەس بەدواداچوونی بۆ ناکات،سیستەمی بەرێوەبردنی دەوڵەت بەو مانایە یاسایی و ئیدارییە نییە کە باس بکرێت بۆیە حاڵی ئەم عیراقە بەم ئاستە گەیشتووە.

***کەواتە ئێوە لەو باوەڕەدان کە ئەمە پەیوەندیی هەیە بە رژێمی پێشووەوە یان شتێکی نوێیە دوای ساڵی ٢٠٠٣؟**

- بەشێکی ئەمە بۆ رژێمی پێشوو دەگەرێتەوە، ئەو کاتەش گەندەڵی هەبوو، بەڵام بەو شێوە فراوانەی ئێستا نەبوو،چونکە گۆڕینی دەوڵەتێکی کۆن بە دەوڵەتی نوێ بێ گومان کەموکوریی و بۆشایی سیاسی و ئیداری تێدەکەوێت و کارێکی ئاسان نییە،بۆیە کێشەی ئیداری و دارایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری سەرهەڵدەدەن.

*** کەواتە چارەسەرەکە لە کوێدایە؟**

- ئێمە سیاسەتی ئابووریمان نییە،بۆ نموونە کاتێك بەرێوەبەری بانکی ناوەندی لەسەرکار لابرا، کەس لە پەرلەمان یان لە ئەنجومەنی وەزیران لە کێشەکەی نەکۆڵییەوە کە بۆچی تەنیا ئەو لادەبرێت، ئەو کەسە بە هەندێ کێشەی دیکەی دارایی و سامان نازانێت، لەکوێ خەرج دەکرێت و داهات بۆ کوێ دەچێت،ئەوە ئەگەر لە وڵاتێکی دیکە بوایە سەرۆکی حکومەت دەدرایە دادگا و رەنگە دەربکرایە، بەڵام لای ئێمە حکومەتی قەرەقۆز هەیە.

***سەبارەت بە بارودۆخی سوریا کە ئێستا قەیرانێکی سەخت بەخۆیەوە دەبینێت، زۆر جار دەگوترێت کە تیرۆر لەوێوە بۆ عیراق دزە دەکات،هەروەها ئەگەر بارودۆخی ئەوێ چاك بێت لە عیراقیش سەقامگیریی دێتەکایەوە، خوێندنەوەتان بۆ ئەمە چییە؟**

- راستە سوریا سەرچاوەی تیرۆر بوو کە ئەمەش بەسەرپەرشتیی حکومەتی سوریا بوو،تەنانەت حکومەتی عیراق بەنیازبوو لە ئەنجومەنی ئاسایش سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، بەڵام ئێستا رەوشی سوریا تێکچووە،ئەو تیرۆریستانەی کە سوریا دژی عیراق بەکاری خستبوون ئێستا دژی خۆی بوونەتەوە،بەڵام لەبەر لاوازیی دەزگاکانی ئەمن و بەرگریی عیراق دەبینین پاساوەکەی ئەوەیە کە ئەو تەقینەوانەی لەم ساڵ و نیوەی رابردوودا لە عیراق روودەدەن هۆکارەکەی تیرۆریستانی سووریایە،لە داهاتوشدا تیرۆر کاریگەریی بۆ سەر ئێمەش دەبێت، ئێستا ئەوان خەریکی سوریان و ئاگایان لە ئێمە نییە، چارەسەری تیرۆریش سیاسی و ئابوورییە نەك ئەمنی،حکومەتی عیراقیش شکستی هێناوە لە مامەڵەکردن لە دۆسیێی ئەمن، هەروەها لە دژایەتی کردنی ناوچە سوننییەکان و سەرکردەکانی کورد و تەنانەت خودی شیعەکان، هەروەها تێروانینێکی رق و کینە بەرامبەر حزبی دەعوە هاتۆتە ئاراوە کە پاوانخوازیی پەیرەوە دەکات ئەمەش وای کردووە کە تیرۆر بیر لە رکابەریی و تۆڵە بکاتەوە جا لە بێ توانایی خۆیان کێشەکە دەکەنە پاساوی ناسەقامگیریی بارودۆخی سوریا،بۆیە چارەسەر لەوەدا نییە کە حکومەتی عیراق بێت یارمەتی بەشار ئەسەد بدات بەڵکو بە هاندانی هێزە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی عەلمانی تاکو بەشار ئەسەد و رژێمەکەی ناچار بکرێن واز لە تاکرەویی یەك حزبیی بهێنێت و روو بکاتە چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئەو وڵاتە،کەواتە تیرۆیست چۆن دژی ئەگەر هاووڵاتی پشتگیری نەکات، هەروەها هاووڵاتی چۆن بژێت و ئاسوودەبێت لەدەست تیرۆر و پشتگیری نەکات ئەگەر خۆی برسی و بێ جێ ورێ بێت و ئایندەیەکی رۆشن چاوەرێی نەکات.



**دکتۆر فالح عەبدولجەبار زانایەکی سۆسیۆلۆژیی عیراقییە و لە ساڵی ١٩٧٨ بەغدای جێهێشتووە وەك مامۆستاو توێژەرێك لە زانکۆی لەندەن دواتر لە زانکۆی** Metropolitan **وانەی وتۆتەوە،لە ساڵی ١٩٩٤ سەرۆکایەتیی گرووپێکی توێژینەوەی مونتەدای رۆشنبیریی عیراقی لە کۆلیجی بیرکبیکی کردووە،پسپۆرە لە لێکۆڵینەوەی ئایدیۆلۆژیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی چالاکییەکانی تایبەتن بە: ئایین،رۆڵی یاسا،ململانێی ئایینیو کۆمەڵگەی مەدەنی.**

*** زیان لێکەوتووی یەکەم لە عیراق خودی هاووڵاتییە لە رووی ئەمنی و ئابووری و کایەکانی دیکەی ژیان، لە سەردەمی سەدام حوسێندا راوەزا و ئازادیی نەبوو ئێستاش چارەنووسی دیارنییە و نازانێت چی بەسەردێت و بە تەمای گیانی خۆی نییە، ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

- تاکی کۆمەڵگە ناتوانێت بە تەنیا رەفتار بکات، رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و حزب هەیە، بۆیە هاووڵاتی پێویستی بە دامودەزگا هەیە، دەتوانێت لە رێی رێکخستنی خۆپیشاندان و مانگرتن حکومەت ناچار بکەن کە بەخۆیدا بچێتەوە بارودۆخی ئەمنی چارەسەربکات، ئەمەش بە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان رێکخراوو سەندیکاو رێکخستنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و زیادکرن و پەرەپێدانی هۆشیاریی سیاسی و نیشتمانی کومەڵایەتی دێتەدی.

# فۆرد بە هێزترین ئۆتۆمبیلەکانی خۆی فیوجنی نوێ و ئیکۆسپۆرت لە دوبەی نمایش دەکات

دوبەی: کۆمپانیای فۆرد رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رایگەیاند کە بۆ یەکەم جار نوێترین ئۆتۆمبیلەکانی خۆی لە جۆری (سیدان) قەبارە ناوەندی فیوجنی نوێ بە تەواوی دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، ئەمە سەرەڕای ئۆتۆمبیلی ئیکۆسپۆرت کە ئۆتۆمبیلێکە بۆ مەبەستی جیا بەکاردێت، لە پیشانگای دوبەی دەخاتە ڕوو بەمەش نەوەی نوێی ئۆتۆمبیلەکانی پێشکەش دەکات کە لە زۆر رووەوە نموونەیە.

ئۆتۆمبیلە نمایشکراوەکان بریتین لە ڤییستا و تۆرۆس و ئیکۆسپۆرت تا دەگاتە ئەکسپیدشن و بار هەڵگرەکانی زنجیرەیF .

**فۆرد فیوجنی نوێ**

لەرووی دەرەوی بە نوێترین ئۆتۆمبیلەکانی زنجیرەی فۆرد دادەنرێت ئەمە سەرەڕای کەمی بەکارهێنانی بەنزین، فیوجن کۆمەڵێک تەکنۆلۆژیای نوێی تێدا بەکارهاتووە بۆ یارمەتیدانی شوفێران وەک ئامێری هەست پێکردن و چەندین کامیرە و رادار کە وا لە ئۆتۆمبیلەکان دەکات کاردانەوەیان هەبێت بەرامبەر ئەو شتانەی دێنە سەر رێگای، هەروەها وا لە شوفێر دەکات لە یەک رێڕەودا ئۆتۆمبیلەکە لێبخوڕیت و خێرایی بەپێی بارودۆخی جوڵەی گۆڕاوی ئۆتۆمبیلەکە بگۆڕێت و دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ راگرتن و یارمەتیدانی شوفێر لە پارک کردنی کاتێک بۆ شوفێر ئەستەم بێت، لاری براینی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری فۆرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربارەی تایبەتمەندییەکانی فیجن رایگەیاند کە چەند تایبەتمەندێتی دیکەشی هەیە وەک:

• سیستمی هێشتنەوەی ئۆتۆمبیل لەسەر یەک هێڵ ئەویش بە هاوکاری چەند کامیرایەکی تایبەت کە لە پێشەوەی ئاوێنەکان دانراوە، هەروەها کاتێک شوفێر نووست یان لە رێگا لایدا ئاگاداری دەکاتەوە.

• رێکخەری خێرایی ACC: بە بوونی رادارێک چاودێری رێگا دەکات لە کاتی بوونی قەرەباڵغی خێرایی ئۆتۆمبیلەکە کەم دەکاتەوە.

• یارمەتیدەری گۆشەی چالاک: ئەمەیان یارمەتی شوفێر دەدات بۆ پارک کردنی ئۆتۆمبیلەکە لە شوێنی گونجاو.

• سیستمی زانیاری گۆشە نەبینراوەکانBLIS® و سیستمی ئاگادار کردنەوە لە کاتی گەڕانەوە بۆ دواوە CTA.

• سیستمی زانیاری گۆشە نەبینراوەکان بۆ ئاگادار کردنەوەی شوفێر لە هاتنە دەرەوەی ناکاوی ئۆتۆمبیلێک، بەتایبەتی ئەگەر بکەوێتە نێوان دوو ئۆتۆمبیلی گەورەوە.

فۆرد فیوجن نوێترین سیستمی دەنگی تێدا بەدی دەکرێت سیستمی SYNC وتەکنۆلۆژیای MyFord Touch، یارمەتی کەم کردنەوەی ئەو دەنگە زیادانە دەدات کە رەنگە ببنە هۆی ئەوەی شوفێر بیری بۆ شوێنێکی دیکە بڕوات بەمەش دەستی لەسەر سوکان دەبێت و چاویشی لە رێگا، هەروەها سیستمی ANCی هەیە ئەم تایبەتمەندیە دەنگی ژاوەژاوی دەرەوە.

لە بواری بەهێزی و پتەوی هێزی هەیکەلی ١٠٪ زیاد کراوە بە بەکارهێنانی پۆڵای بەهێزی وەک بۆرۆن.

**فۆرد ئیکۆسپۆرت**

لەم ئۆتۆمبیلەدا جوانی و پتەوی و دینامیکیەت یەک دەگرنەوە، سیستمیSYNC® سیستمێکی ناوخۆیی تایبەت بە دەنگە کە شوفێر دەتوانێت بە فەرمان پێکردن ئەو مۆسیقایە هەڵبژێرێت کە ئارەزوویەتی، بۆ ئەوەی لە ساتەگەرمەکاندا هەست بە گەرما نەکەن دەتوانرێ بڕی ٧٠٥ لتر شلەی تێدا هەڵبگیرێت و سارد بکرێت.

سیستمی ئەلیکترۆنی ESP یارمەتی شوفێر دەدات بەتایبەتی لە رێگا لوسەکان کاتێک ئۆتۆمبیل لە رێگا دەردەچێت خێرایی کەم دەکاتەوە تا دەگەڕێتەوە سەر رێرەوی خۆی .





# پێدەچێت کۆنگرەی جنێف ٢ هیچ گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی سوریا دروست نەکات



لەمانگی ئاب هەڵوێستی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، گەیشتە ئەوەی کەشتی فڕۆکە هەڵگر و موشەك هاوێژ لە ناو دەریای ناوەڕاست جووڵە پێبکەن، جیهان چاوەڕێی ئەوەبوو کە ئۆباما دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆنگرێس، بڕیاری لێدانی گورزێکی کەمەر شکێن لە ڕژێمەکەی ئەسەد بسرەوێنێت و هاوسەنگی لەسەر ئەرزی واقیع بگۆڕێت، لەبەرامبەریشدا ڕۆژئاوا بەنیازبوون چەك بدەنە چەکدارەکانی سوریا بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێز دروست بێت و ڕێگە لە فڕۆکەکانی ئەسەد بگیرێت کە بە چڕی بۆمبارانی ناوچەی چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن بکات، بەڵام لەکاتێکی زۆر کورتدا و بە پێشنیارێکی ڕوسیا بەوەی سوریا ئامادەیە چەکە کیمیاییەکانی لەناوبەرێت و پەیوەندی بکات بەڕێککەوتنی دژی بڵاوبوونەوەی چەکی کیمیایی، بارودۆخەکە بەتەواوەتی گۆڕدرا و نە ئەمریکا گورزی سەربازی لە ڕژێمەکەی ئەسەد وەشاند و نە دەوڵەتانی ڕۆژئاواش چەکیان بە چەکدارەکانی سوریادا، لەبەرامبەریشدا، ڕژێمی ئەسەد ئەو سەرکەوتنە سەربازییەی لە دەوروبەری دیمەشق و ناوچەی ئەلقوسەیر بەدەستی هێنابوو، بووە دەسکەوتی شەڕ و خۆی لەمەترسی ڕووخانی ڕژێمەکەی دوور خستەوە و زیاد لەمەش لەدوای گۆڕینی ئەم باڵانسە، وەك دەبینین بەشار ئەسەد زیاتر لە دیمانە تەلەفزیۆنیەکان دەردەکەوێت و ڕاشکاوانە ئەو مەرجانەی کۆنگرەی جنێف ١ ڕەتدەکاتەوە بەوەی دامەزراندنی حکومەتی ڕاگوزەر بەمانای کۆتایی هێنانی بەشار ئەسەد بێت لەدەسەڵاتدا، لەمەش زیاتر بەشار ئەسەد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەرجی پێش وەختە قبوڵ ناکات، ئەمەش مانای ئەوەیە بەنیازە جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار کاندید بکاتەوە، لە هەمانکاتدا ڕوسیاش پشتگیری لە هەڵوێستی ئەسەد دەکات و هەندێك لە چاودێران پێیانوایە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و وەزیری دەرەوەی ڕوسیا بۆ بەرژەوەندی ئەسەد دەشکێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر داڤید پۆتەر تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی سوریا کرد و ئەو لەوەڵامدا بە گوڵانی ڕاگەیاند، کە ڕژێمی ئەسەد لەماوەی دوو مانگی ڕابردوو پێگەی باشتر بووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع گۆڕانکاری گەورە لە هاوکێشەی سیاسی ڕوونەداوە و لەمبارەوە وتی: (ڕاستە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردودا ڕژێمی ئەسەد پێگەی باشتربووە لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە گۆڕانکاریەکی گەورە لەسەر ئەرزی واقیع ڕوویدابێت، بۆیە من وای دەبینم بارودۆخی سوریا وەك پێش ڕاپەڕینی گەلی سوریای لێ نایەتەوە، هەتا ئەگەر ڕژێمەکەی ئەسەدیش بمێنێتەوە، ئەوا ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشوو، یەکەمیان بەهۆی ئەو هەموو کاولکاریەی ڕوویداوە، دووەمیان دەبێت ڕژێمەکە هەندێ سازشی سیاسی بکات. ئەوەشی ئەم گۆڕانکارییەی دروستکردووە، ئەوەیە ڕژێمی ئەسەد بە لەناوبردنی چەکە کیمیاییەکانی کارێکی وایکردووە کە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە تێکشکاندنی چەکە کیمیاییەکان کارێکی باشە بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها کاتێك لەوە دەڕوانن سوریا بۆتە جێی چەندین گروپی سەر بە ئەلقاعیدە، ئەوا ئەمە کارێکی سلبیە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی. کاتێك ڕۆژئاوا بڕیاری


**کاتێك ڕۆژئاوا بڕیاری ئەوەی داوە کە دەستێوەردانی سەربازی نەکات، ئەوا چاریان نییە جگە لە قبوڵکردنی ئەو ڕاستیە نەبێت کە تا ئەگەرێکی زۆرە ڕژێمەکەی ئەسەد بمێنێتەوە و دەبێت کار لەگەڵ ئەوەدا بکەن**

**ئەگەرچی ئەسەد کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا لایەنی جیاواز هەن کە کۆنترۆڵی خاکیان بەدەستەوەیە، وەك پەیەدە، هەروەها بەرەی نوسرە هەیە کە سەر بە ئەلقاعیدەیە، ئێستا باسی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەکەن**



دەڤید پۆتەر تۆژەری باڵا لە چاتام هاوس بۆ گولان:

## گفتوگۆکان و هاوسەنگی ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاماژە بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات و سەپاندنی ئەجێندایەک بۆ چارەسەری سیاسی دەکەن



حەسەن ئۆزترەم تۆژەری باڵا لە یۆساک بۆ گولان:

## پشتگیری بەردەوامی روسیا و پەشیمانبوونەوەی ئەمریکا لە گورزی سەربازیی ئەسەدی بەهێز کرد و چارەسەری سەربازی دوورخستەوە

ئەوەی داوە کە دەستێوەردانی سەربازی نەکات، ئەوا چاریان نییە جگە لە قبوڵکردنی ئەو راستیە نەبێت کە ئەگەرێکی زۆرە رژێمەکەی ئەسەد بمێنێتەوە و دەبێت کار لەگەڵ ئەوەدا بکەن)).

ئەوەی پرۆفیسۆر پۆتەر جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێستا بۆتە گۆڕەپانی کۆمەڵێك گروپی توندڕۆی سەر بە قاعیدە ئەمەش چانسێکی دیکەی داوەتەوە بە مانەوەی رژێمەکەی ئەسەد، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە دەتوانین بە دروستبوونی ئەم بارودۆخە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەسەد توانی ئەم گەمەیە بەرێتەوە؟ ئەم پرسیارەمان رووبەڕووی حەسەن سەلیم ئۆزترەم تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای یۆساکی تورکی و ستوونووسی تورکیش ویکلی جۆرنال کردەوە، ئەو لەوەڵامی پرسیارەکەی گولاندا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە لە بارودۆخی سوریادا براوە نییە، بەڵکو هەموو لایەنەکان دۆڕاون و لەمبارەوە وتی:(پێموایە لەم هاوکێشەیەدا براوەی تیانییە، بەڵکو دۆڕاو هەیە، ئەگەرچی ئەسەد کۆنتڕۆڵی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا لایەنی جیاواز هەن کە کۆنتڕۆڵی خاکیان بەدەستەوەیە، وەك پەیەدە، هەروەها بەرەی نوسرە هەیە کە سەر بە ئەلقاعیدەیە، و ئێستا باسی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) دەکەن. بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، ئەوا ئەگەرچی ئەنجومەنی نەتەوەیی سوری، یان هاوپەیمانی نەتەوەیی سوری کۆنتڕۆڵی بەسەر گروپی جیاوازی موعارەزەوە لەدەستداوە..ئەوا گروپی جیاواز هەن لە سوریا کە حکومڕانی ناوچەکانی سوریا دەکەن و چەکیان بەدەستەوەیە و کۆنتڕۆڵی ناوچەگەلێکی دیاریکراو دەکەن. کەواتە ئەگەرچی ئەسەد باشتر کۆنتڕۆڵی دیمەشق بکات لە ئێستادا، ئەوا باکووری ئەو وڵاتە پشێوی تێدا باڵادەست دەبێت. ئەگەرچی گروپەکانی موعارەزە بونیادێکی یەگکرتوویان نیە، ئەوا مەترسی زیاتر هەیە کە دۆخەکە هاوشێوەی ئەفغانستانی لێبێت و ئەم رێکخراوانەش پەیوەندیان بە تۆڕی نێودەوڵەتیەوە هەبێت، وەك ئەلقاعیدە و گروپی وەهابی و ئێستا دۆخی سوریا زۆر ئاڵۆزترە)).

### کۆنگرەی جنێف ٢

### لابردنی ئەسەد یان سەپاندنی چارەسەر

ئێستا روسیا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت بەوەی پێویستە پێش کۆتایی هاتنی مانگی نۆڤەمبەر کۆنگرەی جنێف ٢ دەبێت گرێ بدرێت، ئەمە لەکاتێکدایە وەك چاودێران ئاماژەی پێدەکەن دوای ساردبونەوەی ئەمریکا لەوەشاندنی گورزی سەربازی لە سوریا، ئۆپۆزسیۆنی سوریا دووچاری نائومێدیەکی زۆر بووە و کۆمەڵێك گروپیش لە ناو هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لێکترازاون و ئێستا زیاتر پشتگیری بە تەیارە ئیسلامیە توندڕۆکان دەکەن، لەم حاڵەتە کە تەنها ٢٠ رۆژی ماوە بۆ ئەوەی کۆنگرەی

جنێف ٢ لەوادەی خۆیدا گرێبدرێت، هێشتا لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا هیچ ئامادەباشیەکیان بۆ کۆنگرە نەکردووە و بەپێی بۆچوونی پسپۆرانیش ئەو کاتە بەشی ئەوەندە ناکات هەتا ئۆپۆزسیۆنی سوریا بتوانن ئامادەباشی بکەن، ئەم بارودۆخە نێودەوڵەتیە و ئەو بارودۆخە خراپەی کە ئۆپۆزسیۆنی سوریای پێدا تێدەپەڕێت بۆتە هۆکاری ئەوەی کە بەشار ئەسەد بەدەنگی بەرز زیاتر قسە بکات، ئەمەش نەك هەر مەرج قبوڵ ناکات بەڵکو هەوڵدەدات مەرجی خۆیشی بسەپێنێت، پرۆفیسۆر بۆتەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە:(پێموایە گفتوگۆکان و هاوسەنگی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاماژە بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات و سەپاندنی ئەجێندایەك بۆ چارەسەری سیاسی دەکەن، بە دڵنیاییەوە ئەوە پشتیوانیەکی بەهێز دەبینێت لەلایەن روسیاوە لەم رووەوە کە مەرجی پێشوەخت رەتدەکاتەوە، وەك ئەوەی جێهێشتنی دەسەڵات بەشێك بێت لە چارەسەر)).

هەر سەبارەت بەم لایەنە رۆژنامەنووس و تۆژەر حەسەن سەلیم ئۆزترەم لە درێژەی لێدوانەکەیدا و وەك پشتگیریەك بۆ بۆچوونەکانی داڤید بۆتەر جەختی لەسەر ئەو خاڵانە کردەوە کە پێگەی ئەسەدی بەهێز کردووە و لەمبارەوە وتی:(پێموایە زۆر هۆکار هەیە کە ئەسەد بە زمانێکی توندتر قسە بکات، وەك هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەستێوەردانی ئەمریکا- لە سوریادا- لە دوا ساتەکاندا، هەروەها بەرگری روسیا لەسوریا لە بواری نێودەوڵەتیدا، ئێستا حکومەتی ئەسەد هەست دەکات بەهێزترە و چیتر رێگاچارەی دەستێوەردانی سەربازی لە ئارادانییە، کەواتە لە ئێستادا ئەسەد هەست دەکات سەلامەت و بەهێزە و هەوڵی دانانی مەرج دەدات و ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر چاوی لە چارەسەرێکی دیپلۆماسیە، نەك سەپاندنی سزا بەسەر ئەسەددا. بە رەوچاکردنی هەموو ئەمانە ئێستا ئەسەد وەك سەرکردەیەکی بەهێز رەفتار دەکات پێش ئەوەی کۆنفرانسی جنێف٢ دەست پێبکات. هەروەها حاڵی حازر پرۆسەیەکی هاوتەریب هەیە بەرەو کۆبوونەوەی جنێڤ ٢، هەروەك ئێوە دەزانن کۆبوونەوەیەکی دیکە هەبوو لە ١٥ و ١٦ی تشرینی یەکەم لە جنێڤ لە نێوان ئێران و گروپی ٥ +١و باسی جیاوازیەکان کرا بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە. لەلایەکی دیکەوە ئەو دەستپێشخەریە دیپلۆماسیەی لەلایەن روسیاوە خرایەڕوو هەڵوێستی ئێرانی لە ئاست سوریاشدا لەخۆگرتبوو، لەبەر ئەوەی بە هەموو سەرچاوەکانیەوە پشتیوانی رژێمی ئەسەدی دەکرد، و ئێستاش ئێران پێگەیەکی زامنکراوتری هەیە لە سوریا، بە بەراورد بە کاراکتەرەکانی دیکەی ناوچەکە. بەڵام وێڕای ئەمانەش دیسان پێشبینی ناکرێت ئەم کێشەیە بە ئاسانی چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی گروپەکانی موعارەزە ئەسەد وەك بەشێك لە کێشەکە دەزانن، کەواتە تاوەکو ئەسەد لە دەسەڵاتدا بێت، ئەوا زەحمەتە بتوانرێت زەمینەیەکی سروشتی بۆ گفتوگۆ لە نێوان گروپەکانی موعارەزە و حکومەتەکەی ئەسەدا بدۆزرێتەوە. بەڵام پەرەسەندنێکی ئیجابی هەیە لە ئاست داماڵینی چەکی کیمیایی لە سوریا، ئەمە پەرەسەندنێکی ئیجابی و ئەمە سەرکەوتنێکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە کێشەکە لە چەکی کیمیایی سوریا گەورەترە. چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد ئێستا لایەنی دیکە هەن لە سوریا کە بەهێزتر دەبن و هاوپەیمانی سوریش پەرت و بڵاوە و ئێستا زیاتر لە لایەنێك هەیە کە نوێنەرایەتی ئەولەویەت و بەرژەوەندی جیاواز دەکەن. کەواتە دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیپلۆماسی لە نێو سوریادا- نەك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی- وا دەکات زەحمەت بێت کە ئەسەد و گروپە جیاوازەکان بتوانن دابنیشن و گفتوگۆ بکەن و بگەنە رێککەوتن. ئێستاش ئێمە بە ئەفغانکردنی وڵاتەکە دەبینین، لەگەڵ لاوازکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە چوارچێوەی سنوری وڵاتەکەدا، کە بە رای من ئەمە دەبێتەهۆی دروستبوونی کێشەیەکی گەورەتر لەمەودای دووردا. چونکە بوونی ئەم گروپانە دەبێتەهۆی دروستبوونی تۆڕێکی تیرۆریستی لە نێو سوریا بەرەو ئەوروپا و قەوقاز و بۆ وڵاتە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێستا جوڵەیەکی زۆر بەرەو سوریا دەبینین، بەڵام لە مەودای دووردا ئەمە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان و کێشەی زیاتر دروست دەکەن. خاڵی دووەم_ بەدەر لەم تۆڕە تیرۆریستیە-ئێستا کێشەیەکی گەورەتر روودەدات لە ئەردەن و لوبنان، لەبەر ئەوەی ئێستا ژمارەی ئاوارەکان ٢ بۆ ٣ ملیۆن کەسە و زۆربەیان لەئەردەن و لوبنانن، ئەم وڵاتانەش لەڕووی ئابووریەوە لاوازن، و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخەشدا کێشەیەکی زیاتر بۆ ئەم وڵاتانە دروست دەکات. ئەگەر دۆخی سوریاش بەردەوام بێت، ئەوا ژمارەی ئاوارەکان لە ئەردەن و لوبنان زیاتر دەبێت، کە ئەمە دەبێتەهۆی دروستبوونی ناسەقامگیری لەم دوو وڵاتەدا و ئەمەش مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دروست دەکات. خاڵی سێیەم لە پەیوەندیدا بە عێراقەوە، ئەوا ئەم وڵاتە لە دۆخێکی هەستیاردایە و لە پەیوەندیدا بە سوریاوە لە دۆخێکی هەستیارتردایە، لەبەر ئەوەی هەفتانە دەروازە سنوریەکان لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. هەروەها عێراق باری گرانی دەکەوێتەسەر شان بەهۆی هاتنی ئاوارەکان و بەهۆی هاتوچۆی گروپە چەکداریەکان لە نێوان سنوری عێراق و سوریا، کەواتە دەبێت هەموو ئەم هەڕەشانە لەبەرچاو بگیرێن کە رووبەڕووی ئایندەی عێراق دەبن، هەروەها دەبێت رەچاوبکرێن لە قۆناغی داهاتوودا)).

**ئەگەرچی ئەسەد کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا لایەنی جیاواز هەن کە کۆنترۆڵی خاکیان بەدەستەوەیە، وەک پەیەدە، هەروەها بەرەی نوسرە هەیە کە سەر بە ئەلقاعیدەیە، و ئێستا باسی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەکەن**

**ئەم بارودۆخە نێودەوڵەتیە و ئەو بارودۆخە خراپەی کە ئۆپۆزسیۆنی سوریای پێدا تێدەپەڕێت بۆتە هۆکاری ئەوەی کە بەشار ئەسەد بەدەنگی بەرز زیاتر قسە بکات، ئەمەش نەک هەر مەرج قبوڵ ناکات بەڵکو هەوڵدەدات مەرجی خۆیشی بسەپێنێت**

**لە ئێستادا ئەسەد هەست دەکات سەلامەت و بەهێزە و هەوڵی دانانی مەرج دەدات و ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر چاوی لە چارەسەرێکی دیپلۆماسیە، نەک سەپاندنی سزا بەسەر ئەسەددا**

# بۆ دیالۆگ...
## خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ فەلسەفەی ململانێی نێوان ئیسلام و خۆرئاوا

دکتۆر محەمەد شەریف*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



ڕەنگبێت ئەم ناوونیشانەی سەرەوە لە دەسپێکدا باش لێکنەدرێتەوە، یان بە واتای ڕوونبینانەوە مەبەستەکەی وەدەستەوە نەدات، یان داخۆ لە ژێرەوەیدا چ شتێکی شاردراوە خۆی مەڵاس دابێت، لەوانەشە ناوونیشان پڕاو پڕی مەبەستەکە نەبێت، چونکە ململانێ لە نێوان موسڵمانان و کریستیانەکان هەبووە نەك لە نێوان ئیسلام و خۆرئاوادا، لە سروشتی ئیسلامەتیدا ململانێ هەر بوونی نییە، چونکە ئیسلام ئایین و پەیامە((بەڵام دەربڕینی باو وایە ئەگەر ناوونیشان چڕکراوەی کۆمەڵە فیکرو چەند دۆزێکی بەدوایەکداهاتوو نەبێت، مەبەستی هەندێکیانی تێدا وەدەرناکەوێت مەگەر بە ڕاشکاوی و دیاریکراوی ئاماژەیان پێ نەدرێت))

تێگەیشتن لە مەبەستەکە پێویستی بە ڕابوون و وردبوونەوەیە، ناوونیشانی وتارێکی لەم چەشنەش پوختکراوەی فکرێکە کە ناوونیشان پەلکێشی گوزارشتەکانی خۆی دەکات بێ ئەوەی بکەوێتە ناو وردەکارییە مێژووییەکانیەوە.

ململانێی ئیسلام و خۆرئاوا ململانێیەکی مێژووییەو لە سەدەی حەوتەمی زایینیەوە لە کاتی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی لە وڵاتی شامەوە دەستیپێکردو ئیتر لەو کاتەوە تامپۆن و جەنگ و پێکدادان بووە بە بەسەرهاتێك و بە درێژایی سەدەکانی دواتریش دانەمرکاوەتەوە، چڵەپۆپەی ئەم ململانێیە توندانە لە کاتی جەنگەکانی سەڵیبیەکاندا بوون، کە لە لایەن سەلاحەدینی ئەیوبیەوە بۆ ماوەیەك یەکلایی کراوەتەوە، بەڵام ململانێیەکە بە کۆتا نەهات، ئەم ململانێیە چەندین سەرکەوتنی لە بەرژەوەندی مێژووی موسڵمانان لێ هاتۆتە دی، بە نموونە گرتنی قوستەنتینیەی پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتی لە ناوەندی سەدەی پازدەیەمەوە، هەروەها چەندین سەرکەوتنی تر لەهەمان ساتەوەختدا بۆ بەرژەوەندیی خۆرئاواو کریستیانەکانی لێکەوتەوە لەوانەش کەوتنی ئەندەلوس، دواتر کەوتنی دەوڵەتی عوسمانیی کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نوێنەرایەتی خەلافەتی ئیسلام بووە لە دیدی خۆرئاواوە، ئەگەر بە شکڵییش بوو بێت، نەك لە ڕووی ڕاستەقینەدا، ئەم شکست و کەوتنە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە چوارچێوەی شکستخواردنێکیدا لە جەنگی یەکەمی جیهانی، دەرپەڕاندنی جەمسەری ئیسلامیی بوو لەو ململانێ مێژووییە کە بە واتا توندوتیژییەکەی، داکوتانی دوایەمین بزمار بووە بۆ داخستنی تابووتی ئەم ململانێ تۆقێنەرە دوورو درێژەی مێژوو، بەڵام بە پێی ڕۆژگار ئەم شکستە وەك دیاردەیەکی سروشتی ڕاگوزەر تێپەڕی و وەك چۆن ڕاگوزەرا لەسەر شکست و کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و دەوڵەتی قەیسەری ڕووسی و نەمساوی و دواجاریش یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، بەڵام کەوتنی عوسمانییەکان برینێکی گەورەی لە هەست و ناخی موسڵمانان جێهێشتووە،کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەرییەکانی بە سلبی ماونەتەوەو هەندێکیش بە

مەبەستەوە دەیانەوێت تا ئەبەد هەر کاریگەربوونی سلبیانەی ئەو کەوتنە لە دەروونیدا مۆڵ بخواتەوە، تا قوولکردنەوەی کەلێنەکە کاریگەرتر بێت بە شێوەی مۆدێلی ڕەتکردنەوەی زاراوەی تێگەیشتنی قورئان لەگەڵ ئەهلی کتێب لەو واتایەی کە ئەهلی شارستانیەت و ئایینن، یان گۆڕینی زاراوەی باوەڕو کفراندنی وەك دەسپێکێك بۆ دابەشکردنی مرۆڤایەتی کە پێشتر یەك میللەت بوون بۆ دوو ئاوان کە بەربەستێکیان لە نێوان بێت و نەگەنە یەك..

ئەگەر هەندێکیان کەوتنی دەوڵەتی عوسمانییان بە کەوتنی ئیسلام و مزگەوت دانابێت، کە ئەوە پووچییەکی تیۆرییە، چونکە ئیسلام زیندووەو مزگەوت چەسپاوە، هەر بە چەسپاوێتیش دەمێنێتەوە چونکە قورئانی پیرۆزی تێدایە کە خوا دەیپارێزێت، ئەوا دەوڵەتی کڵێسا بەر لە دەوڵەتی مزگەوت بە چەندین سەدە کەوت بێ ئەوەی فرمێسکێکی بۆ بڕێژرێت، یان شاعیرێك شیوەنی بۆ بکات، یان گەلێکی کریستیان لە کڵێسایەکدا کە بڕوایان بە مەسیحیەتە خەمی بۆ هەڵکێشن..

ئەگەر جیاوازیی نێوان هەردوو بەرە لە وەڵامدانەوەیان بێت بۆ پەرچەکرداری دیاردەی شکست و کەوتنی ئاینی سیاسیی، لە لایەکەوە دەوڵەتی کڵێسا کەوت بە هۆی لایەنگرانیەوە کە گەورەترین بەخششێك کە خوا پێیدابوون کە عەقڵیانە، بەکاریان هێنا بۆ جوداکردنەوەی ئیرادەی خوا لە موڵك و بەندەکانی خۆی یان جوداکردنەوەی ئیرادەی مرۆڤ لە مرۆیی بوونی خۆی، بەو شێوەیە ئازادیی مرۆڤیان بەرەڵڵاکرد بۆ بەرژەوەندییەکانی دنیایی، ئاینیشیان بۆ کڵێسا بە جێهێشت، وەك یادگارییەکی ئایینی لە چوارچێوەی ڕۆحدا شتێکیان پێ بەخشی و لەملاوەش زانست و ئازادییان بەکارهێنا بۆ دنیاکەی خۆیان، بەو شێوەیە شارستانیەتێکیان بونیاد نا بۆ مرۆڤایەتی، ئەگەر دەستگرتوو بوونایە هەر بە کڵێساوەو زانستیان ڕەتبکردایەتەوە و پشکەکانی ئەزموون و دۆزینەوەکانیان وەلابنایە ئێستا ئەم شارستانیەتە وەدینەدەهات بۆیان..

شارستانیەتیان تەنیا بە گەشانەوەی جیهانی خۆرئاواوە نەوەستان بەڵکو پڕشنگەکانی زانست باڵی کێشا بەسەر هەموو دنیای ئاوەدانیدا، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان گەل و گەلێکی تردا بکەن، ئێستاش لە بواری فەزاوکۆمەنیکەیشن بەرهەم و پەرجووی زیاتر بەرهەم دێنن، بەڵام کاتێك لە جیهانی ئیسلامیدا دەوڵەتەکەیان لەسەر دەستی دوژمنە لە مێژینەکانیان لە پاش ململانێیەکی زۆرەوە ڕووخا، گوایە ئەم ڕووخانە لەبەر ئەوە بووە کە دەوڵەتێکی ژیارییانەیان نەبوو بێت، بەو شێوەیە گومان و خەیاڵیان بۆی دەچێت، بەڵام لە حەقیقەتدا جەنگی یەکەمی جیهانیی کە لە دەسپێکدا لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسی و نەمساوی ساڵی ١٩١٤ هەڵگیرسێنرا، چیرۆکێکی زانراوی لە پشتەوە بوو کە ئامانج لێی ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی نەبووە، تەنانەت بۆ ئەو دەوڵەتە نەخۆشە نە ناقە و نە حوشترێکی تیا بووە بە قازانج،جگە لە دوژمنایەتییە لە مێژینەکەی ڕووسیا نەبێت، لەبەرچاو نەگرتنی پێشهاتەکان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی ئەوی گەیاندە ئاستی پشتگیری کردنی ئەڵمانیا، دواتر دۆڕاندنی ئەو جەمسەرە بووەتە هۆی ئەوەی سەرکەوتووان پارچە پارچەی بکەن، کەواتە ئەو جەنگە جەنگێکی ئایینی نەبووە، بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی موسڵمانان هەڵنەگیرسابوو، بەڵکو لە بنەڕەتەوە جەنگێك بوو لە نێوان کریستیان و کریستیانێکدا..

لە بری ئەوەی لە ئاسۆدا بۆ هۆکارە بابەتییەکانی بگەڕێن، لایەنە شارستانی و مرۆڤایەتییەکەی لێکبدەنەوە کە بووەتە هۆی مردنی ئەو دەوڵەتەی بە پیاوە نەخۆشەکە ناودێردەکرا، خۆیان تەسلیمی بیرۆکەیەکی کاڵفامانە کرد کە درێژکراوەی ململانێیەکی بنجاکوتاو بووە بێ ئەوەی لا بۆ ئەو گۆڕانکارییانە وەرچەرخێنن کە هەموو تەرازووەکانی سەرەولێژکردنەوە، بەوەی گوایە ئەم ڕووخانە پیلانێکی خۆرئاوایی بوو بێت و درێژکراوەی جەنگە سەلیبیەکانە کە بووەتە هۆی دەرکردنی موسڵمانان لە هاوکێشە سیاسییەکەی کە هێزە گەورەکانی دنیا کاریگەر بوون لە نەخشاندنی سیاسەتی جیهانیدا، دواتر کەلتوورێکی سەیر باڵی کێشا بەسەر دۆخەکەدا کە موسڵمانانی ئاگادار دەکردەوە لە دوور کەوتنەوە لە هەر شاندێکی خۆرئاوایی بەو هەنجەتەی نەوەك ژەهری هێنابێت بۆ ناو خۆراکی موسڵمانان، ئاست گەیشتە ئەوەی بە چاوی وریایی و گومانەوە لە بەرهەمەکانی زانست و دۆزینەوەکان بڕوانرێت، لە کاتێکدا لە ئامانجەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەوە نەخرابووە پێش چاو کە جەمسەری عوسمانی بخرێتە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکانەوە، بەڵکو ئەوەی قەوما لە دەرئەنجامەکەی شەڕەکەدابووە، جیاوازییەکی بەرینیش هەیە لە نێوان دەرئەنجام و ئامانجدا..

کەواتە شکست یان کەوتنەکە تەنیا لە ڕووی شارستانییەتەوە بووە، هەندێك لە مێژوونووسان وایان لێکداوەتەوە کە پیاوانی ئایینی چاپەمەنییان لە دەوڵەتی عوسمانی تەحریم کردبێت،ڕێگایان نەداوە بەچاپکردنی قورئانی پیرۆز تا ساڵی ١٨٢٥ سەرەڕای ئەمەی یەکەمین کتێبی قورئان بەپیتی عەرەبی ساڵی ١٥٩١ لەئەوروپا بەچاپ گەیەنراوە، هەروەها لیستێکی دوورو درێژی دۆزراوە هاوچەرخەکانی تریان تەحریم کردبوو، ئەو وتەزایەی کە دەڵێت: زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە؛ لەکاتێکدا لەقورئانی پیرۆزدا موسڵمانانی هاندابوو بۆ بیرکردنەوە لەخولقاندن و تێڕوانن لە پێناوی دۆزینەوەی هەقیقەتەکان و بەهەند وەرگرتنی سەرەتای دروست بوون، لەراستیدا موژدەهێنەرەکان بێ تاوان نەبوون لەم پرۆسەیەدا بەشێوەیەك لەشێوەکان تەنانەت بزووتنەوەی زایۆنیزم کە هەوڵێکی زۆریان دا لەگەڵ عوسمانیەکاندا تا عوسمانیەکان شوێن پێیەکی سیاسییان لەفەڵەستیندا پێببەخشن، بەڵام وەریان نەگرت، بۆیە موسڵمانان پێویست

**ململانێی ئیسلام و خۆرئاوا ململانێیەکی مێژووییەو لە سەدەی حەوتەمی زایینیەوە لە کاتی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی لە وڵاتی شامەوە دەستپێیکردو ئیتر لەو کاتەوە تامپۆن و جەنگ و پێکدادان بووە بە بەسەرهاتێک و بە درێژایی سەدەکانی دواتریش دانەمرکاوەتەوە**

**ئەگەر هەندێکیان کەوتنی دەوڵەتی عوسمانییان بە کەوتنی ئیسلام و مزگەوت دانابێت، کە ئەوە پووچییەکی تیۆرییە، چونکە ئیسلام زیندووەو مزگەوت چەسپاوە، هەر بە چەسپاوێتیش دەمێنێتەوە چونکە قورئانی پیرۆزی تێدایە کە خوا دەیپارێزێت**

**پرشنگەکانی زانست لە خۆرئاواوە باڵی کێشا بەسەر هەموو دنیای ئاوەدانیدا، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان گەل و گەلێکی تردا بکەن**

**بەرژەوەندیی کۆلۆنیاڵی جێگای دەسەڵاتی ئایینی گرتەوە. هاوسەنگی و هەژموونی بۆ خۆی گەڕاندەوە لە ڕێگای دۆزینەوەی زانست و پیشەسازیی و هونەرەوە کە هەموو تەرازووەکانی سەرەوژێر کرد**

بوو درك بەوە بکەن کە ئەوە ئیسلام نییە کە کەوتووە وەك ئایین و کەلتوورو بونیادێکی مرۆڤایەتی بەرز، بەڵکو ئەوەی کە رووخاوە سیستمێکی سیاسییە کە لەکاروانی شارستانیەت دواکەوتبوو، دواجار لەهەردوو سەرەوە چ ئاینی یا شارستانی کەوتە پەراوێزەوە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

• لەگەڵ سەرکەوتنی رێنیسانس و عەقڵانیەت و مەدەنیەت لەخۆرئاوا واتا لەسەدەی هەشتەم بەدواوە ئایین چی تر نەبوو بە فەرمانڕەوا، بەڵکو دیوارێك لەنێوان ئەو دەوڵەتەی سەرۆکاریی کاروباری دنیایی دەکرد و هەروەها لەنێوان کڵێسەدا پێکهێنراو کڵێسەیان تەرخانکرد بۆ کاروباری ئایین و پەرستن کەواتە شتێکیان نەهێشتەوە بۆ وروژاندنی هەستی خەڵك لەڕێگای ململانێی ئاینییەوە کە ببێتە هێزێکی فشار بۆ سەر ڕای گشتی. وەك چۆن ئەو هێزە لەساتەوەختی جەنگە سەڵیبیەکاندا باڵا دەست بوو. کاتێك تێپەڕی لەسەرەتای شۆڕشی فەرەنسادا کە لە پەنجا ساڵ زیاتر نەبوو ئایین هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو، ئەو ماوەیە بوو کە تۆمەتی بێباوەڕییان دەخستە پاڵ عیلمانیەت لەکاتێکدا علمانیەت چەمکێکی دنیایی هەبوو بۆ ژیان، لایەنی غەیبانی لەکاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەت دوور دەخستەوە، هیچ پەیوەندییەکی بەراڤەکاری ئایینی نەبوو، لەمەوە خۆرئاوا فاکتەرێکی بەهێزیان ون کرد لەململانێ کردنیان دژ بەموسڵمانان ئەویش فاکتەری ئایینی بوو، کە سەرکردەی زاڵی جووڵاندنەوەی سوپاکان بوو لەخۆرئاوادا بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ لەگەڵ موسڵماناندا. بەڵام بەرژەوەندیی کۆلۆنیاڵی جێگای دەسەڵاتی ئایینی گرتەوە. هاوسەنگی و هەژموونی بۆ خۆی گەڕاندەوە لە ڕێگای دۆزینەوەی زانست و پیشەسازیی و هونەرەوە کە هەموو تەرازووەکانی سەرەوژێر کرد.

خۆرئاواییەکان میتۆدی لاهوتی فەلسەفی و لۆژیکیان وەلاخست و دەستیان گرت بەزانستێکەوە کە پشتبەستوو بوو بە میتۆدی سەرنجی هەستەوەرانە بۆ دیاردەکانی گەردوون، چەندین یاسایان دانا بۆ راڤەکردن بەتایبەت راڤەی پێوەندییەکانی نێوان دیاردەیەك و دیاردەیەکی تر هەموو ئەمانەیان لە رەمزە ماتماتییەکیەکاندا داڕشتەوە. ئەم میتۆدەی دوایی بەربەست بوو لەوەی ئەفسانەو خورافە بەکاربهێنرێت بۆ راڤەکردنی دیاردەکانی سروشتی، هەروەها خورافەو ئەفسانە، زانستی سروشتی سانسۆر دەکرد بەوەی گوایە جیهانی غەیبانی پێ دەشێوێنێت. زۆربەی زۆری زاناکانی خۆرئاوا لەو کەسانە بوون کە بڕوای یەقینیان بەخودا هەبووە لەوانەش بەنموونەی گالیلۆ ١٦٤١ نیوتن ١٧٢٧.

• شارستانییەت کۆلۆنیالیزمێکی مرۆییە، هەروەها پرۆسەیەکی عەقڵانی ئەزموونگەرییە (هو انشاکم من ارض واستعمرکم فیها) لەئایەتی هود ٦١، واتا سرووش لەسەر نەتەوەیەك نەهاتۆتە خوارەوە کە پێشتر موسڵمانان پیادەیان کردبوو، لەو کاتەدا کە خۆرئاوا لەتاریکیدا خەوتبوون، خەلیفەی بەغدا فەرمانی دەردەکرد بۆ وەرگێڕانی زانستەکانی یۆنان و کەلتووری هیندیەکان، دواتر چەندین سەدە تێپەڕی و خۆرئاوا هەر لەو خەوە قووڵەی سەدەکانی ناوەڕاست بێدار نەبووبوونەوە تا چاویان بەمەشخەڵەکانی قورتوبە درەوشایەوە، قورتوبەی پایتەختی ئەندەلووس کە زانکۆکانی دەرگایان بۆ رووناکبیری فەلسەفەو زانست ئاوەڵاکردبوو، خوێندکارانی کڵێساکانی خۆرئاوا بەدوای مەعریفەدا دەگەڕان و لەو زانکۆیانەدا وانەیان دەخوێند. فەلسەفەی ئیبن روشدی ئەندەلووسی لەو زانکۆیانەدا وەرچەرخانێکی زانستی هەبوو بۆ خۆرئاواییەکان کە ئەم وەرچەرخانە لەسەدەی دوانزەیەمەوە روویدا، تا ئێستاش خۆرئاواییەکان گەواهی بۆ ئیبن روشدی ئەندەلووسی دەدەن. لەو کاتەوەی کە عەقڵییەتی ئیبن روشد وەلانرا، واتا لەو کاتەوەی کە مەزهەبی عەقڵی لە فیقهی ئیسلامیدا خۆی تەسلیمی بیرۆکەی داخستنی داهێنان و ئیجتیهاد کرد، دواتر خۆی بەستەوە بە وتەکانی فیقهی موجتەهیدەکانی پێشوو کە چییان لەسەر سەدەکانی رابردوو وتووە یا پێشینان چیان بۆ داهاتوو بەجێ هێشتووە و راکێشانی ئەم بارودۆخە بەستەڵەك بووە دەستپێکی خەوێکی قووڵی موسڵمانانی جیهان بووەو لێی بێدارنەبوونەتەوە تا دەمەتیغی تەورەکە بەسەریان داکەوتووە هەر خۆیان بەسەر کورسییەکانی دنیاوە بینیوەتەوەو پاڵیان لێ داوەتەوەو وتوویانە چاخی ئاڵتوونی ئیسلام لەنیوەی سەدەی هەشتەمەوە تا سەدەی سیانزەیەمی زایینی واتا لەو کاتەوەی کە موسڵمانان مەشخەڵی رووناکی و شارستانیەتییان بەهەموو جیهاندا گێڕاوە، لەو کاتەوەی کە زانستی سروشتی لە لقە مەعریفیەکان جیا کراوەتەوە و درێژکراوەتەوە بەڵام سەدەی هاوچەرخی خۆرئاوایی لەسەدەی حەڤدەیەمەوە دەستپێدەکات کە هەر لە دەستپێکەوە ئوسوڵی میتۆدی ئەزموونگەریی هێناوەتە ئاراوە.

• لەکتێبە تازەکەمدا کە بەناوی هەڵوێستی ئیسلامی لە فیقهو فیکرو ئیسلامییەت کە پوختەی پرۆژەیەکی فیکری تازەمە لەسەر ئەم بنەڕەتەوە کە بەهۆیەوە مونتەدای فیکری ئیسلامیم لەکوردستانی عێراق دامەزران، لەوێدا باسم لەدواکەوتنی میللەتی ئیسلام کردووە کە بۆچی بەکاروانی شارستانییەتی جیهانی ناگەنەوە، دوو هۆکاری مەترسیدار هەیە کە دۆخی رۆشنبیریی گەیاندۆتە ئاستێك کە کەس بە ئێستای رازی نەبێت و ئەنجامەکانیشی پێ باش نەبێت؛ یەکەمین هۆکار ئەوەیە کە رۆشنبیریی هاوچەرخی ئیسلامی خۆی نەگونجاندووە لەگەڵ کەلتووری هاریکاریی ئەوانی تر لە پێناوی وەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشی جیهانیدا. بەڵکو تا ئێستاش بەکەلتوورێکی گوازراوەی خۆرئاوایی دەبینن، لەکۆمەڵگای موسڵماناندا لەکاتێکدا حکومەتێکی وردو بەڵێنێکی مولزەمە کە وڵاتانی ئیسلامی و رێکخراوە سیاسییەکانی کۆمکاریی عەرەبی و رێکخراویی هاریکاریی

ئیسلامی لە بڕوانامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەخۆیان داوە. فاکتەری دووەم فاکتەری فیکریی و رۆشنبیرییە کە تێکەڵ بووە لەگەڵ ئاگایی کۆمەڵگەیی ئیسلامەتیدا لەچوارچێوەی روانینێکی گوماناویی بۆ عەقڵانیەت. ناکۆکیەکی دروست کراویی بەمەبەستە لەنێوان ئایین و عەقڵ بەهۆی زاڵبوونی مەزهەبی ئەشعەری لە ناشرین کردنی عەقڵانیەتەکاندا پوختەکەی ئەوەیە کە شتەکان لەزاتی خۆیاندا هیچ بەهایەکیان نییەو هەموو باشەیەکیش لەوێدا باشییەکەی دەسەلمێنرێت کە شەرع رێگای پێداوەو ئەوەی شەرعیش بە باشی دانەنابێت بەناشرینی دەمێنێتەوە، کەواتە پێیان وایە بەهایەکی بابەتیانە لەدەرەوەی دەقەکاندا بوونی نەبێت. هەروەها پێیان وایە هیچ شتێك لەناخی خۆیدا رێك نەبێت و هیچ شتێکیش لەناخی خۆیدا لە بنەڕەتدا خراپی تێدا نەبێت، بەڵام مەزهەبی موعتەدیلەو شیعە بڕیارێکی تریان لەم بارەیەوە داوە بەجیاوازی وردەکاریی و دەرەنجامەکانی بەهۆی گوایە رەفتارەکان یا چاکن یا خراپن لەخۆیاندا یا بە هۆی ئیعتیباراتێك کە لەسەریان هەیە. وتەبێژان و ئسوولیەکان گەنگەشەی فیکرییان لەسەر ئەم بابەتە لادروست بووە، بەڵام من دەیگەڕێنمەوە بۆ بەڵگەیەکی خاکەڕا یان بۆ سەلماندنی بابەتیانەی بەهاکان. خودای گەورە فەرمانی لەسەر کردووین کە ئەو بەهایانەو پەندانە بەهەند وەربگرین، بەڵام بەهاکانی بۆ پێناسە نەکردوین وەکو دەڵێت خودای گەورەو میهرەبان فەرمانتان لەسەر دەکات. خودای گەورە دەفەرموویت دادپەروەر بن لە(ان الله يأمركم بالعدل) سورەتی نەحل ،١٦ بەڵام روونی نەکردۆتەوە دادوەرییەکە چییە، ئەم دادوەرییەی ئیستحالە کردووە بۆ عەقڵ و هەستی خۆمان، چونکە واریسی درك پێکردن و جیاکردنەوەی تێدا خولْقاندوین، ئەمەش بەخششێکە بۆ تێگەیشتن و روانین، وایلێکردوین کە بەرپرس بین لە بەرامبەر روانینماندا. (ونفس وما سواها فألهمها فجورها و تقواها)) سورەتی شمس٧-٨، هەروەها پێغەمبەری بەخشندە دروودی خوای لەسەر بێت، ویژدانی ئێمەی کردۆتە حەکەم بۆ هەستکردن بەخێرو شەڕ وەك ئاماژەی بەوەکردووە(و يعلمكم الكتاب و الحكمة) البقرة) ١٥١ لەگەڵ توندوتۆڵی بەڵگە عەقڵیەکان و هەروەها نەقڵیەکان کە جەخت دەکەنەوە لەسەر متمانەدان بەعەقڵ بۆ زانینی هەقیقەتی شتەکان کە ئەویش ئەو حیکمەتەیە کە ئاماژە دەکات بۆ زانینی ئیلاهییانە لەسەر مرۆڤ، وەك لە وتەکانی خوای گەورەو میهرەبان فەرمووده هەیە لەم بارەیەوە (و يعلمكم الكتاب و الحكمة) البقرة ١٥١تێگەیشتنی ئەشعەری لە بارەی شێوازگەری بەهاکانەوە گرووپێکی زۆری فەقیهەکانی هێنایەوە سەر هێڵ، وەڵامدانەوەیەکی فراوانی لە هزری گشتیدا لێکەوتەوە، ئاگایی کۆیی ناو موسڵمانانی داڕشتەوە،کە دواتر بوو بە هێزێکی فشار لە ناو ڕای گشتیدا کە تائێستاش هەوڵەکانی دەستەبژێرانی کە پشت دەبەستن بە زانکۆ ئیسلامییە دێرینەکان و زانکۆکانی فیقهی بۆ تازەکردنەوەی میتۆدی ئیسلامی تا بە شێوەیەك بچێتە سەر هێڵی حیکمەت و عەقڵانیەت هەموویان لاواز دەکەن،تا ئێستاش لەو بڕوایەدایە هەڵسەنگاندنی شتەکان بە بێ پرسکردنی پێشوەختەی شەرعیی بریتیە لە بیدعەو گومڕایی ئایینی، لە کاتێکدا شەرع جگە بڕیاردان لەسەر دنیای ئاخیرەت بڕیارێکی تری لەسەر کاروبارەکانی تری دنیایی نەبووە..

لێرەوەیە پەڕگیری ڕێی خۆی خۆش کردووە، حەقیقەتەکانی سەرەو ژوور هێناوە، سیاسەتێکی بونیادناوە کە پێشینان و تازەکەرەوانی زانستی حیکمەت لایەنگیرییان نەکردووە، چونکە لەسەر گومان و وەهم بینا کراوە،((إن الظن لا يغني من الحق شيئا ()يونس ٣٦ گومان هیچ شتێك لە حەق و حەقانیەت دەوڵەمەند ناکات، کەواتە ئەشعەری حیکمەت و عەقڵی تێکشکاندووە، بۆ خۆیان سەرچاوەی چرووکیان داتاشیوە کە دوورن لە زانست

**تا ئێستاش خۆرئاواییەکان گەواهی بۆ ئیبن روشدی ئەندەلووسی دەدەن**

**شەرع جگە بڕیاردان لەسەر دنیای ئاخیرەت بڕیارێکی تری لەسەر کاروبارەکانی تری دنیایی نەبووە**



**لایەنی توندڕۆ لە ئیسلامی سیاسی توانی ئەم دیاردەیە بۆ بەرژوەندیی خۆی بەکاربهێنێ لەنێو زۆرێک لە توێژەکان کە ناکرێ فەرامۆش بکرێن و چوارچێوە کردنی بە شرۆڤەی وەهمی کە وا لە موسڵمانان دەکات ئەوانەی شوێنیان کەوتوون لە جاهلیەتی نوێ کە هەمان حوکمی جاهلیەتی یەکەمی هەیە**

**لە هەردوو سورەتی یوسف و الانعام لە قورئانی پیرۆز بڕیار لە پرەنسیپێکی سیاسی دەدات کە یاسا دانراوەکان رەت دەکاتەوە کە لە داڕشتنەوەی مرۆڤن بۆ دادپەروەری و فەرمان بە خەڵک دەکات حوکمی پێ بکەن بەبێ وردەکاری زیاتر**

و بەڵگەوە، یان بۆ ختووکەدانی هەستی کەسانی ساویلکە لە رێی وتاری تۆقاندن و هاندانەوە، خەڵکی هان دەدەن دژ بە متمانەو ڕاستگۆیی سەرچاوە فەرمییە فەقیهیە ڕەسەنەکان بووەستنەوە.. پوختەی ئەوەی دەمەوێ بیڵێم: دیدی ئەشعەریەکان دەربارەی شێوەی بەهاکان و ڕەگ داکوتانی لە عەقڵیەتی گشت خەڵك و سەرکەوتنی لە مەنهەجیەتی فەرمی بووەتە هۆی پووکانەوەی رۆڵی عەقڵی ئیسلامی لە دەوڵەمەند کردنی تەجروبەکانی مرۆڤایەتی.

دیارە کە شارستانییەت دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی شارەزاییە عەقڵییەکان و بەرهەمی کوشینی هزری ئیسلامییە لە گەڕان بە دوای سەرچاوەکانی ژیان و هێزە، ئەگەر چەمکی ئەشعەری لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی و ڕەگ داکوتانی ئەو چەمکەی دەڵێ: شت و کردەوەکان بەهای بابەتییانەی هەیە، ئەو کات عەقڵی ئیسلامی زۆر مەشقی کردەوە لە بەکارهێنانی وزەی داهێنانی لە دۆزینەوەی نهێنییەکانی هێز لە سروشت وشتی سەرسوڕهێنەری دەهێنا و سەرکردایەتیی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەکرد بەرەو زانست و لێبوردەیی و رووناکی کە ئەمەش حیکمەتی خوایە (والله اعلم).

٤- دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی زۆر بە هێز دیاردەیەك سەریهەڵدا کە پێشتر بە رابوونی ئیسلامی ناوبرا لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی، دیاردەیەکی جوان بوو لە رووخسار و کاریگەرییە ئیجابیەکانی، گەنجەکان دەبینران کە روو لە مزگەوتەکان دەکەن و پابەندن بە ئاداب و رەوشتی ئیسلامی، لە کاتێکدا لە مزگەوتەکانی بەغدا لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو بە رێژەیەکی کەم نەبێت، خاڵی بوون لە گەنجەکان، لە کۆتایی پەنجاکان مامۆستای عەلامە شێخ عەبدولقادر ئەلخەتیب وتاربێژی مزگەوتی ئیمام ئەبی حەنیفە بە گریانەوە گلەیی ئەوەی لێکردم کە لە رێگای قوتابخانەی (منەورە خاتون) لە بەغدا رێگایان لێگرتووە و گاڵتەیان بە ریشی پیرۆزی کردووە.

لایەنی توندڕۆ لە ئیسلامی سیاسی توانی ئەم دیاردەیە بۆ بەرژوەندیی خۆی بەکاربهێنێ لەنێو زۆرێك لە توێژەکان کە ناکرێ فەرامۆش بکرێن و چوارچێوە کردنی بە شرۆڤەی وەهمی کە وا لە موسڵمانان دەکات ئەوانەی شوێنیان کەوتوون لە جاهلیەتی نوێ کە هەمان حوکمی جاهلیەتی یەکەمی هەیە.

لێرە ئەم شرۆڤە وەهمییە نوێیانە و شرۆڤە فیقهانە ناپێوم کە پێشتر کەلتوری فیقهیمان پروپاگەندەی بۆ کردووە بۆ بەرژەوەندییەکانی سەردەمەکە کە بارودۆخی موسڵمانەکان وای دەخواست لەو سەردەمانەو بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێن و رێسای فیقهی دەڵێ: (ئەحکامەکان دەگۆڕێن بە گۆڕینی بارودۆخەکان)، هەروەها بیدعەکان ناپێوم کە بزووتنەوە جیهادییە توندڕۆکان پروپاگەندەی بۆ دەکەن، دواتر پاشەکشێ دەکەن دوای ئەوەی مەکری خۆیان لە دەروونی کەسانی نەزان و بێهێز دەکەن، بەڵکو بە رێسایەکی سەرەکی کۆتایی پێدەهێنم کە بنەمای توندڕۆیی هاوچەرخ تێزی خەواریجی بە ئاگا هێنا بە داڕشتنە خوێناوییە هاوچەرخەکەی لەگەڵ سەرپێچیکاران (ان الحکم الا لله)، لەوانەیە لە کەلتووری فیقهی مەحکوم بە واقعەکەی نموونەی زۆر ببینین تێیدا فیقە ئاراستە بکات بەرەو گرتنی رێگا لەگەڵ ئەویتری نا موسڵمان بەوەی بگونجێت لەگەڵ واقعێکی ناسروشتی لەم پێوەندییەدا بە حوکمی جەنگ و غەزوە دژەکان لە سەردەمی خۆیدا، بەڵام کات دەرفەتی ئەوەمان پێنادات لەم وردەکاریانە بکۆڵینەوە لە نێو کتێبەکانی کەلتوور والله ولی التوفیق.

ئەم رێسایە بریتییە لە (مەسەلەی حاکمیەت تەنیا بۆ خوایە) «ان الحکم الا لله» «(و من لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الکافرون) یوسف ٤٠، ٦٧، المائدة:٤٤.

زۆر بەسادەیی بانگخوازەکان وەك کەس یان کتێب یان کوراس، بە بارگاوی بوون بە فیکری توندڕۆوە روو لە کۆمەڵی موسڵمانان دەکات بۆ هاندانیان دژی دەستوورە دانراوەکانیان کە لەسەر سەروەری یاسای دانراو و پابەند بوون بە رێکەوتننامە دانراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڵگەنامە دانراوەکانی مافی مرۆڤ دانراوە لەوانەش ئازادی رادەربڕین و گوزارشت کرد، بەوەی کە یاسا دانراوەکان حوکمی مرۆڤە نەك حوکمی خوا و حوکمیش تەنیا بۆ خوایە و ئەوەی بە حوکمی خوا حوکم نەکات کافرە، رەنگە ئەم تێزە بۆ یەکەم جار ئاسایی و بە ئاشتی بێت ئەگەر بە تەنیا کاری پێ بکرێت و لە ئاراستەکەی دەرنەچێت، بێ ورد بوونەوە لە مانای راستەقینەی حوکم، بەڵام لە راستیدا هەڵەیەکی گەورەیە.

لە راستیدا ئەوەی لەم دەستەواژە رەهایەدا هاتووە (ان الحکم الا لله) لە هەردوو سورەتی یوسف و الانعام لە قورئانی پیرۆز بڕیار لە پرەنسیپێکی سیاسی دەدات کە یاسا دانراوەکان رەت دەکاتەوە کە لە داڕشتنەوەی مرۆڤن بۆ دادپەروەری و فەرمان بە خەڵك دەکات حوکمی پێ بکەن بەبێ وردەکاری زیاتر، چونکە ئەمە لەگەڵ چوارچێوەی ئایەتە پیرۆزەکە و واقع یەك ناگرێتەوە، چونکە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت لە حوکم و دادوەریدا دانی بە حوکمی (الفضول) و زۆربەی عورفەکانی سەردەمی جاهلیەت ناوە کە دژی عەقیدەی ئیسلام نین، بۆ نموونە دانی بە حوکمی تەڵاقی ئافرەت ناوە کە مێردەکەی بە ئاشکرا رایگەیاندووە بەپێی عورفی سەردەمی جاهلیەت، تا ئەو کاتەی وەحی حوکمێکی دیکەی دابەزاند لە سورەتی (المجادلة) کە رەتی کردەوە، ئەو عورفەش وەحی یان حوکمێك نەبوو لە خواوەن دواتر لە سورەتی (النساء) ئایەتی ٢٦ (یرید الله لیبین لکم و یهدیکم سنن الذین من قبلکم) سوننەتەکان لێرە تەجروبەی مرۆڤن و مەرج نییە سوننەتی خوا بن و هیچ بەدیلێك بۆ سوننەتی خوا نادۆزرێتەوە، لە

زیرەکییـــە ئەگەر بیر لە حوکمی خـــوا بکرێتەوە بەوەی کە حوکمێکی رەهایە لە کات و شـــوێندا، ئەو کات بۆی هەیە پرســـیار بکات: ئایا حوکم بە مانا سیاسییەکەی تەنیا بۆ خوایە لە هەموو کات و شـــوێنێکدا؟ بەڵێ حوکم تەنیا بۆ خوایە لە هەموو کات و شوێنێکدا لە مەملەکەتی موسڵمان و غەیرە موســـڵماناندا، بەڵام نەك بە مانای یاسا دانان بە چەمکی ئێستا بۆ چارسەر کردنی کێشەکانی دونیا، بەڵکو بە مانای قودرەت و پێکهێنان، بوونەوەر و کار هەر بۆ ئەوە، ئەوانەی لە زەوی و ئاســـمانەکان تەســـبیحات بۆ دەکەن، ئەوەی بیەوێ دەیخولقێنێ هەڵیدەبژێرێ، «سبحانە و تعالی عمـــا یصفون»، عەقیدەی حاکمیەت بە مانای پێکهێنانی بەروبوومی ئیمانە، کاتێك یەعقوب سەلامی خوای لەسەر بێت لـــە روانگەی ئـــاگادار بوونی لە ســـەلامەتییان بە کوڕەکانی خۆی فەرموو:(و قال یا بني لا تدخلوا من باب واحد و ادخلوا من ابواب متفرقة) ئاگادار بوو لە مەسەلەکە و فەرمـــووی : (و ما اغنی عنکم من الله من شـــيء ان الحکم الا لله ) بڕوای پتەو بوو کە قەدەر تەنیا بە دەست خوایـــە، چونکە بڕینەوەی ئایەتی حوکمی لە چوارچێوەی خۆی وەك چۆن دەیبڕنەوە خۆی لە خۆیدا شێواندنە، بەڵام حاکمیەتی سیاســـی کە خەوارجەکان بەرزیان کردەوە دژی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لەسەر بێ و لە مەزارگەی خۆی لەو ســـەردەمە نێردرا وەك درووشـــمێکی سیاسی بۆ خەڵتاندنـــی خەڵکی ســـاویلکە و بڵاوکردنـــەوەی گیانی دوژمنایەتی و ناتەبایی لەنێو موســـڵمانان، هەڵبەســـتنە لەنێوان وشەیەکی حەق کە حوکم بۆ خوایە و مانایەکی پوچ بە مەبەستی پەکخستنی عەقڵی سیاسی وشیار لە رەفتار کردن بەشێوەیەکی شارستانی گونجاو و رەوا بۆ بەدیهێنانی بەرژوەندییـــە باڵاکان لە دونیای سیاســـەت و کۆمەڵگا و سڕکردنی تواناکانی مرۆڤ و لەمەشدا بەتاڵ کردنەوەیەکی ئەو مانایەیە کە مرۆڤ جێگرەوەی خوایە لەســـەر زەوی و نەویستنی ئەو راســـتیەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی وشیار و بەرپرسیارە.

ســـەبارەت بە هەرسێ ئایەتەکەی ســـورەتی المائدة ٤٤ و ٤٥ و٤٧ «و مـــن لـــم یحکـــم بما انزل اللـــە فاولئك هـــم الکا فـــرون» «و من لم یحکم بما انـــزل الله فاولئك هـــم الظالمون» و من لم یحکم بما انـــزل الله فاولئك هم الفاسقون» کە مەبەســـت لێی وەك ئەوەیە کە لە کۆتاییدا هاتـــووە راڤەکاران لێکدانەوەی جیایان هەیە ســـەبارەت بە مەبەستی ئایەتەکان لە نووسەرانی نوێکردنەوەی هەڵوێستی ئیســـلامی لە فیقە و فکری سیاسی، ئەوەشم روونکردەوە کـــە قەناعەتم بە هیچیان نییـــە، چونکە رووی بەلاغەی ئیعجـــازی قورئانم تێیاندا نەبینـــی، بۆیە لە چوارچێوەی هەریەکیان لێیان وردبوومەوە و رووی ئیعجازی قورئانم بۆ دەرکەوت لەم جیاوازییەدا، هەروەها بۆم روون بۆوە کە بابەتی هەریەکیان جیاوازە لە ئەویتریان و بۆ روونکردنەوەی ئەمەش دەڵێـــم: چوارچێوە و بابەتی ئایەتی یەکەم بریتییە لە: (انا انزلنا التوراة فیها هدی و نور)..» و من لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الکافرون» ئایەتی ٤٤ لە سورەتی المائدة، ئەوەیە کە لە تەوراتدا هەیە لە ئیمان و یەکتاپەرستی (هدی و نور)، و تەورات عەقیدە و شەریعەتی ژیان و راڤە کردنی گونجاو بۆ ئەم چوارچێوەیە ئەوەیە کە هەر کەسێك بڕوای بە هیدایەت و یەکتا پەرســـتی نەبێت ئەوا کوفری بە خوا کردووە، واتە ناچێتە نێو کۆمەڵی موســـڵمانانەوە، بەمەش پێویســـت بە گەڕان بـــە دوای دەروازەی راڤە کردن و خۆ بەســـتنەوە و گەڕان بـــە دوای مانایەکی دیکە ناکات بۆ مانای کافر.

ســـەبارەت بە ئایەتـــی دووەم چوارچێوە و بابەتەکەی لە تەورات لە یاســـا و مەنهەجی دادپـــەروەری کە باس لەوە دەکات (و کتبنـــا علیهم فیهـــا ان النفس بالنفس و العین بالعیـــن و الانف بالانف و الاذن بالاذن و الســـن بالســـن و الجروح قصاص فمن تصدق بە فهو کفارة لە و من لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الظالمون [المائدة:٤٥].

لێرەوە بیری ورد لەم چوارچێوەیەدا دەچێت بۆ وەســـفی گونجاوی هەموو ئەوانەی پرەنســـیپی دادپەروەری و یاسا رەت دەکەنـــەوە بریتییە لە زوڵم، چونکە ئەوەی دادپەروەری لە حوکمدا پەیڕەو نەکات مافی خەڵکی تر پێشـــێل دەکات ئەمەش خۆی زوڵمە و هەر وەسفێکی دیکەی وەك کوفر یان فاسق گونجاو وروون نییە، زۆربەی وتەکانی خوای گەورە دەربارەی ئەمە، بەم راڤە کردنەش ئیعجازی سیستمی قورئان و رادەی گونجانیمان بۆ دەردەکەوێت بەپێی پێویست.

لە هەموو ئەمانەش ســـەیرتر ئەوەیە کاتێك چوارچێوەی ئەوەی خوا لە ئینجیلی دابەزاندووە کە بریتییە لە پەروەردەی رەوشـــت و حوکم، وەســـف کردنی گونجاو نابێت بۆ ئەوەی رەتی دەکاتەوە کە بریتییە لە فسق نەك زوڵم و کوفر،هەروەك لە کۆتایی (البلیغ غایة البلاغة) لە ئایەتی ٤٧ی سورەتی (المائدة)دا هاتـــووە : و لیحکم اهل الانجیل بما انزل الله فیە و من لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الفاسقون.

جارێکی تـــر لەگەڵ من لەم شـــرۆڤە کردنە بڕوانە بۆ ئـــەوەی بۆ تۆ و منیش دەرکەوێت کە ئەم ســـێ ئایەتە بە هیچ شێوەیەك دادی توندڕۆکان نادات ئەوانەی زیادەڕۆیی دەکەن لە تەکفیر کردنی کۆمەڵگا موسڵمانەکان کە بە یاسا دانراوەکان حوکم دەکەن و دادپەروەری دەهێننە دی لە نێوان خەڵك.

بـــەم پێیەش تەکفیر کردنی کۆمەڵگا و یاســـادانەران و تاکەکان ئەوانەی یاسای دانراوی دادپەروەر بەکاردەهێنن بۆ رێکخســـتنی کاروباری دنیا بە پشت بەستن بە حاکمیەتی خوداوەنـــد بەو مانایەی ئـــەوان دەیڵێـــن، تەنیاهەڵەیەکی لۆژیکی و بوختانێکە بەسەر ئایینەوە دەیکەن.

*** سەرۆکی کۆربەندی هزری ئیسلامی**

**تەکفیر کردنی کۆمەڵگا و یاسادانەران و تاکەکان ئەوانەی یاسای دانراوی دادپەروەر بەکاردەهێنن بۆ رێکخستنی کاروباری دنیا بە پشت بەستن بە حاکمیەتی خوداوەند بەو مانایەی ئەوان دەیڵێن، تەنیاهەڵەیەکی لۆژیکی و بوختانێکە بەسەر ئایینەوە دەیکەن**

**حوکم تەنیا بۆ خوایە لە هەموو کات و شوێنێکدا لە مەملەکەتی موسڵمان و غەیرە موسڵماناندا، بەڵام نەک بە مانای یاسا دانان بە چەمکی ئێستا بۆ چارسەر کردنی کێشەکانی دونیا، بەڵکو بە مانای قودرەت و پێکهێنان، بوونەوەر و کار هەر بۆ ئەوە**



هۆشەنگ شەهابی بۆ گوڵان:

# من لام سەیر نییە ئیخوانەکانی میسر دژی ئەهرامەکان و بالێ و ئۆپێرا بن، بەڵکو مەترسییەکە ئەوەیە کارەساتی گەورە دروست دەکەن

**پرۆفیسۆر هۆشەنگ شەهابی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی بۆستن و تایبەتمەندە لە سیاسەت و مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها شیعیزم و یاسای نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئیستای وڵاتانی عەرەبی بەگشتی و میسر بەتایبەتی ئەم وتووێژەمان لەگەڵی ئەنجامداو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەو پارتە ئیسلامییانەی لە بەهاری عەرەبیدا دەسەڵاتیان گرتەدەست، شکستیان هێنا، سەرەڕای میسر، لە تونس و لیبیاش بارودۆخەکە بە هەمان شێوەیە. بە بۆچوونی ئێوە، دوای ٨٠ ساڵ لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بۆچی لە یەکەم خولدا پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان سەرکەوتوو نەبوون؟**

- دەتوانم چەند شتێکی گشتی بڵێم، سەرەتا ئەوە ڕوون نەبوو کە ئەم پارتە سیاسییە ئیسلامییانە پابەند دەبن بە دیموکراسییەوە، ئاساییە کاتێك لە موعارەزەدا بیت و بانگەشەی دیموکراسی بوون بکەیت، بەڵام پابەندبون بە دیموکراسییەوە شتێکی دیکەیە کاتێك تۆ لە دەسەڵاتدا بیت. تەنانەت ئەگەر بڵێیت بە ڕاستی پابەندن بە دیموکراسییەوە، ئەوا هێشتا هێزە دژ بە دیموکراتییەکان لە کۆمەڵگەدا بەهێزن. کەواتە هەموو کەس دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە قبوڵ ناکەن- ئیتر هەر لایەك براوەبێت-، لەبەر ئەوەی چەندین هێز هەن لە کۆمەڵگەدا کە باوەڕیان بە دیموکراسی نییە. هۆکاری سێیەم ئەوەیە ئەم پارتانە ئەزمونی حکومڕانیان نییە، ئەم پارتانە پڕن لەو کەسانەی هەمیشە موعارەزە بوونە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزموونیان نییە لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکە و دامەزراوەکانیدا، لەبەر ئەوە ڕوونە کە هەڵە دەکەن.

*** بەهاری عەرەبی ئەوەی ئاشکراکرد کە ئەوە ئیسلام نییە ناگونجێن لەگەڵ دیموکراسیدا، بەڵکو ئەوە پارتە ئیسلامییەکان کە دیموکراسی تەنها بە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات سەیر دەکەن، ئەگەر پارتە سیاسیە ئیسلامییەکان نەتوانن تەبەنی دیموکراسی بکەن، ئایا ئاییندەی وڵاتە عەرەبییەکان چی دەبێت؟**

- پێم وایە خەڵکانی جیاواز مەبەستی جیاوازیان هەیە کاتێك باسی دیموکراسی دەکەن، کاتێك باسی دیموکراسی دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باس لەوە دەکرێت حکومەت لە خزمەتی بەرژەوەندیی زۆرینەدا بێت، واتە جۆرێك لە حکومەت کە بەرگری لە زۆرینە بکات، ئەمە لەبەرامبەر حکومەتێکی گەندەڵدا کە تەنها لە خزمەتی کەمینەیەکدا بێت، هەنگاوێکە بۆ پێشەوە، بەڵام ئەمە دیموکراسی تەواو نییە، چونکە دیموکراسی لە پاڵ بوونی حکومەتێکی هەڵبژێردراودا بە

مانای پاراستنی مافی هاووڵاتیان و مافی تاکەکەسەکان و ڕێزگرتن لە کەمینە دێت، پێموایە خەڵکانێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم سێ پرسەی دواییان لەبیر دەچێت و تەنها جەخت لەسەر حکومەتی زۆرینە دەکەنەوە.

*** ئەو نموونانەی پارتە ئیسلامییەکان پێشکەشیان کردووە، بریتییە لە حەماس لە فەڵەستین و حزبوڵا لە لوبنان و ئیخوان موسلمین لە میسر، شارەزایان پێیان وایە دەبێت بە شێوەیەکی عەمەلی ئەو پارتانە تاقیبکرێنەوە، بەوەی بچنە حکومڕانییەوە و دەسەڵات بگرنەدەست، پێت وانییە کاتی ئەوە هاتبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی گەلانی ئەم وڵاتانە بکات بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی دیموکراسی بنێن؟**

- بە دڵنیاییەوە، بەڵام پێم وایە گرنگترین داینامیکیەتی هەر کۆمەڵگەیەك، داینامیکیەتی ناوخۆییە، بۆ نموونە لە میسری ئێستادا هەمو لایەك ئۆباڵەکە دەخاتە ئەستۆی ئەمەریکا، ئیخوان موسلمین ئۆباڵەکە دەخاتە ئەستۆی ئەمەریکا کە پشتیوانی سوپای کردووە و ئەوانەی کودەتا سەربازیەکەشیان کردوە گلەیی لە ئەمەریکا دەکەن کە پشتیوانی ئیخوان موسلمینی کردوە، واتە هەرچیەك ڕوبدات گلەیی لە ئەمەریکا دەکرێت، بەڵام ئەوە دەرکەوتوە کە ئەمەریکا تەواو بێدەسەڵاتە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك. دیموکراسی بوونی کۆمەڵگەش پێویستی بە پەروەردە و لێبووردەیی و متمانەیەکی زۆر هەیە، ئەمە کارێکی ئاسان نابێت، پێم وایە بەهاری عەرەبی هەنگاوی یەکەمە، کە هەنگاو هەڵدەگیرێت بۆ دواوە و هەنگاو بۆ پێشەوەش دەنرێت و قۆناغێکی ئینتیقالی دەستپێدەکرێت، ڕەنگە بیست بۆ سی ساڵ بخایەنێت، کە هەندێ لایەنی دیموکراسی دەردەکەوێت، بەڵام تەواوی سیستمەکە دیموکراتی نابێت. ئەو وڵاتانەی بە سەرکەوتوویی ئەم کارە ئەنجام دەدەن، پلە بە پلە هەنگاو بە ئاڕاستەی دیموکراسی دەنێن، بەبێ ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆیی، وەك مەغریب، کە ئازادیەکی ڕۆژنامەگەری زۆر هەیە و ململانێ هەیە لە نێو پارتەکاندا، بەڵام هێشتا پاشای وڵاتەکە دەسەڵاتێکی زۆری بەدەستەوەیە، کە ناتوانیت پێی بڵێیت دیموکراسییەتی ڕاستەقینە، بەڵام حکومەتێکی دەستوری لە بەرامبەر دیموکراسیدا لە مەغریب دێتەبەرچاو و جێی سەرسوڕمان نابێت بۆ من ئەگەر مەغریب ببێتە یەکەم وڵاتێك کە ببێتە وڵاتێکی تەواو دیموکراسی لە ماوەی بیست بۆ سی ساڵی داهاتوودا.

*** هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە وڵاتە ئیسلامییە غەیرە عەرەبییەکانی وەك مالیزیا و تورکیا مۆدێلێکی جوانی دیموکراسییان پێشکەش کردووە، ئەگەرچی پارتی داد و گەشەپێدان حاڵی حازر لە دەسەڵاتدایە لە تورکیا، بەڵام دەستوری تورکیا دەستورێکی عەلمانییە. بە بۆچوونی ئێوە بۆچی پارتە سیاسییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان ناتوانن بەشداری ژیانی سیاسی بکەن بە چەشنی وڵاتانی مالیزیا و تورکیا؟**

- لەبەر ئەوەی بونیادی دەوڵەتەکە بواری پێنادات، چونکە مانای چییە لە هەڵبژاردنەکانی سوریا و سعودیە ململانێ بکەیت، سعودیە هەڵبژاردنی تێدا ناکرێت و سوریاش هەڵبژاردنێکی ئازادانەی تێدا ئەنجام نادرێت، ئەگەر ڕژێمەکە کارێك نەکات هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، ئەوا پارتە سیاسیەکانیش ناتوانن بەشداری بکەن، ئەمە ڕوونە. کەواتە ئومێدەکە ئەوەیە گروپێك کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگە نەکات، بۆ نموونە لە تونس هیچ لایەك کۆنترۆڵی تەواوی بە دەستەوە نییە، ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە دەبێت پارتە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتر ڕێکبکەون و سازش لەگەڵ یەکتردا بکەن و دەستورێك دابڕێژن کە لای هەموو لایەك قبوڵ بکرێت، لەبەر ئەوە من گەشبینترم لە ئاست تونسدا، وەك لە میسر کە سوپایەکی بەهێزی هەیە و ڕەنگە بوار بە هەڵبژاردنی ئازاد نەدات.

*** لایەنێکی دیکەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان کە پیادەی دەکەن بریتییە لە توندوتیژی و پشتگوێخستنی لێبووردەیی. بەڵام هەروەك لە میسردا بینیمان، ئیخوان موسلمین دژی گرتنەبەری ئەم ڕێگایە نەبوون، بەڵام کاتێك زانکۆی ئەل ئەزهەر ڕۆڵی میانگیری دەبینی، دژی وەستانەوە، هەروەها مێژووی میسریان ڕەتکردەوە و ویستیان هەرەمەکان بشکێنن و هونەری باڵیان قەدەغەکرد، بۆچی ئیخوان موسلمین ئەم سیاسەتە توندوتیژە-قبوڵنەکراوەی- گرتەبەر کاتێك گەیشتە دەسەڵات؟**

-ڕەنگە ئەو کەسانەی دەنگیان بە ئیخوان موسلمین داوە هەرگیز هونەری باڵێیان ئەنجام نەدابێت و هەرگیز نەچووبنە ئۆپێراوە، لەبەر ئەوە بەلای ئەوانەوە مەسەلەیەکی لاوەکی ناگرنگە، جێی سەرسوڕمان نییە بۆ من کە ئیخوان موسلمین دژی باڵێ و دژی ئۆپێرا و دژی هەرەمەکان بن، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانی منە ئەوەیە کێشەیەکی گەورەی لێ دروست بکەن، چونکە دەبێت بزانن کە وەستانەوەیان دژی ئەم شتانە، دژی ئەم مەسەلە کەلتوریانە، دوژمنێکی زۆر بۆ خۆیان دروست دەکەن، چونکە کاتێك گروپێك لاواز دەبێت و تازە دەسەڵاتی گرتبێتەدەست، ئەوا نابێت لەوە زیاتر دوژمن بۆ خۆی دروست بکات، ئەمە پرسیارە گەورەکەیە بەلای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەڵکانێکی زۆر دیموکراسی و زۆرینە تێکەڵ دەکەن، بەڵام دیموکراسی و زۆرینە یەك شت نین، و پێم وایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاتێك باسی دیموکراسی دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن پارتە ئیسلامییەکانەوە، ئەوا مەبەستیان لە زۆرینەیە.

*** ئەگەر وێنای ئەوە بکەین کە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان لەلایەن پارتە ئیسلامییەکانەوە حکومڕانی بکرێن، هەروەك ئێستا دەبینین کە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبیەکان پارتە ئیسلامیەکان تیایاندا باڵادەستن. ئایا تا چەند حکومڕانیی ئیسلامی زەمینەی پێکدادانی شارستانیەتییەکان خۆش دەکات؟ ئەمە ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکو ئەمە پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبن؟**

ئیسلامی سیاسی هەر دەبێت نەوت بە ڕۆژئاوا بفرۆشێت و هەر دەبێت مامەڵە لەگەڵ ڕۆژئاوادا بکات و تەنانەت ئەگەر ئیخوان موسلمین بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات لە میسردا، پێویستی بە داهاتی گەشتیاریی دەریای سوور دەبێت، لەبەر ئەوە پێم وایە بە هاتنەسەر دەسەڵات دەبێت سازش بکەن.

**ئاساییە کاتێک لە موعارەزەدا بیت و بانگەشەی دیموکراسی بوون بکەیت، بەڵام پابەندبون بە دیموکراسییەوە شتێکی دیکەیە کاتێک تۆ لە دەسەڵاتدا بیت**

**دیموکراسی بوونی کۆمەڵگەش پێویستی بە پەروەردە و لێبووردەیی و متمانەیەکی زۆر هەیە، ئەمە کارێکی ئاسان نابێت، پێم وایە بەهاری عەرەبی هەنگاوی یەکەمە**

**ڕەنگە ئەو کەسانەی دەنگیان بە ئیخوان موسلمین داوە هەرگیز هونەری باڵێیان ئەنجام نەدابێت و هەرگیز نەچووبنە ئۆپێراوە، لەبەر ئەوە بەلای ئەوانەوە مەسەلەیەکی لاوەکی ناگرنگە**